## ڕوناكبیری سیاسی و دیاردەی پێكەوەژیان
## دۆزی سیاسی لە عێراق لە پاش جەنگPost War

ئازاد حەمە

**ئاماژە:**
ناونیشانی سەرەكی ئەم باسە(1) پووختە هەروەك دیارە تایبەتە بە ڕوونكردنەوەی ڕۆلی ڕووناكبیری سیاسی لە پێكهێنانی تێگەیشتن لەمەڕ دیاردەی پێكەوەژیان لە ولاتێ بەسیاسیكراوی وەك عێراق كەبووە بە مۆلگەی تەماشاكردن و لێخووردبوونەوەی ڕووناكبیرانی سیاسی و چاودێرانی نێودەولەتی و ئایدیۆلۆژیستەكان. بەلام ناوەڕۆكی لاوەكی باسەكە كە هەر هەولدانە بۆ خولانەوە بەدەور ئەو تێما بناغەییانەی لەمیانەی باسە سەرەكیەكە ڕوودەخرێ گەشتێكە بەنێو دیاردەی گریمانی سیاسی نوێ ,كە لە ولاتێ وەك عێراق لەئەمڕۆدا شیاوی لەبەردەم هاتنەكایەوەی لەبووندایە , كە ئەوەش گریمانی پێكەوە ژیانی نەتەوە و تیرە و مەزهەبە جۆراوجۆرەكانی عێراقە لە چوارچێوەی یەكیەتیێ فیدرالی. كەواتە ناونیشانی ناسەرەكی باسەكەمان ئاماژەێكە لەسەر ئەو هەولەی لەمیانەی باسە سەرەكیەكەوە دەكرێ بۆ ڕاڤەكردنی دۆزی سیاسی لە عێراق لە پاش جەنگ Post War , ئەو جەنگەی ناوونیشانی ڕزگاركردنی عێراقی لە ئەدەبیاتی سیاسی و لە ماسمێدیای گلوبال لەخۆگرت. بەتەماشاكردنێكی ماسمێدیای جیهانیش لە پاش جەنگ دەبینین بۆ گەلێ نێوەند و تەوژمی سیاسی و كۆمەلایەتی لەباسی پێكەوە ژیانی نەتەوە و تایفە و گرووپە ئاینییە جۆراوجۆرەكان زیاتر لە عێراق یان لە عێراقی تازە شتێتر بابەتی باس نییە. واتە پێكەوە ژیان بۆ ئێستای كرمەلگەی پەرت و نایەكانگیری تەنگوچەولەماوی وەك عێراق زۆرترین سەرنجی دەدرێتێ و وەك دیاردەیەكی سیاسی ڕزگاركەریش تەماشادەكرێ. بەباوەڕی ئێمەش بۆئەوەی ئەم باسە لەڕووی سیاسییەوە پایەدار و بناغەداركرێ پێویستە باس بهێنرێتەپێشێ لەسەر گۆڕینی پەروەردەی سیاسی لە عێراقی پاش دیكتاتۆر كە ئەوەش كاریگەری خۆی لە پێكهێنانی ڕوناكبیریێ سیاسی جیا لەوی لەماوەی پتر لە 35 سالی ڕابردوو باو و گشتیی بووە ,دەبێ. لە چوارچێوەی باسەكەش هەولدەدەین بەدووی ئەو هۆیانە وێلبین كە مانا و گرنگی خۆیان بۆ پێشنیاركردنی ئەم جۆرە گریمانە سیاسیە هەیە و هەروەها هۆی ئەوەش ڕووندەكەینەوە كە بۆچی ئێمە كار لەسەر ئەم جۆرە گریمانە سیاسیە دەكەین. قسەكردنیشمان لەسەر ڕوناكبیری سیاسی پتر بەمانای ئەوە دێ كە چەند ئەوە(واتە ڕووناكبیری سیاسی) شوێن و مانای خۆی بۆ گەیشتن لە دیاردەی پێكەوە ژیان هەیە و چەندیش گۆڕینی ئەو ڕوناكبیرییە سیاسیە ,كە بەهۆی پەروەردەی سیاسی بەعسەوە هاتۆتەكایەوە, بەهای خۆی بۆ ئەو پێكەوە ژیانە هەیە. چونكە بێ گۆڕینی ڕوناكبیری سیاسی باو و زالی ئەمڕۆی ولاتێ وەك عێراق مەحالە پەیڤین لەسەر دیاردەی پێكەوە ژیانی گشت بەش و پارچەكانی ناو كۆمەلگەی عێراقی بێتەدی. ئەمەش بەتایبەت لەو ولاتەدا و ئەمجار لەناوچەكەش پارتی بەعس ,هەر لەكاتی دەركەوتنیەوە تا كاتی داكەوتنی (2003/04/19) پەیكەری هێمای ئەو پارتە ,هەمیشە كاری بۆ بەگشتیكردنی یەك جۆر لە پەروەردەی سیاسی كردووە كە ئەو پەروەردە سیاسیەش زیانێ زۆری لە واتای سیاسەتكردن بەتایبەتی و خودی پەروەردەی سیاسی بەگشتی داوە. ئەو پەروەردە سیاسیەش بەجۆرێ پڕاكتیزەكراوە كە توانیوویەتی تێكەل بەهەموو بوارەكانی ژیان بێ و بشكرێ بە سەرچاوە بۆ دروستكردنی گشت دیاردەكان و تەنانەت بوونی كەسی عێراقی و ئەمجار عەرەبی و ئیسلامیشی پێڕاگیرێ.(2) .بۆئەوەی ڕوونكردنەوەكەمان بەرجەستەتربێ بەپێویستی دەزانین باسەكە دابەش چوار تەوەرە كەین.
**تەوەرەی یەكەم:** لەژێرناوی دروستكردنی تێگەیشتن لەسەر ماهیەتی یەكیەتی فیدرالی كار بۆئەوەدەكەین چۆن لە شوێنێ وەك عێراق شیاوە ئیش بۆ پڕاكتیزەكردنی ئەم جۆرە تێگەیشتنە بكرێ و چەند مانای یەكیەتی فیدرالی لەتوانایدایە ستاتۆسی پێكەوە ژیان مسۆگەركا. بەلام **تەوەرەی دووم** گەشتێكە بۆ ڕوونكردنەوەی ئەوەی چۆن هەلبژاردنی یەكیەتی فیدرالی وەك فۆڕمێ بۆ پێكەوە ژیان لە عێراقی نوێ دا شیاوی لەبەردەمدایە و ئەو ڕووناكبیریە سیاسیەش كە لە عێراق دا باوە چەند دەتوانێ بۆ هێنانەدی ئەم پێكەوە ژیانە یارمەتیدەربێ. كەچی **تەوەرەی سێهەم** كۆششێكە بۆ پشكنین بەدووی ئەوەی كە چۆن نەتەوە و مەزهەب و تیرە جۆراوجۆرەكان لەناو عێراق دەشێ لەتەك یەكا بگونجێن بۆئەوەی پرۆژەی پێكەوە ژیان سەربگرێ.هەرچی **دوا تەوەرە** یە بایەخ بە لێكدانەوەی ئاستی ئاگایی سیاسی كەس و سیاسەتمەداری كوردی دەدا كە چەند لەتەك دیاردەی پێكەوە ژیان لە چوارچێوەی یەكیەتی فیدرالی لە عێراق هاوكۆكە و تاچ ئەندازەیەك ئەم ئاگاییە سیاسیە لە ئاگایی سیاسی و ڕوناكبیری سیاسی نەتەوە و مەزهەب و تایفە جۆراوجۆرەكانی تری ناو ولاتی عێراق جوداوازە. بەگشتیش تێكڕای تەوەرەكان بایەخێ زۆر بەوەدەدەن كە باس لەسەر داهاتووی عێراق لەسەر بناغەی ڕوونكردنەوەی لایەنە تیۆریەكانی پێكەوە ژیان و ئەرك و سەختیەكانی كاركردن بۆ ئەم جۆرە تێندێنسانە (ئاڕاستانە) و مەسەلەی بەجدی وەرگرتنی سیاسیانەی واتا و ئیدیای یەكیەتی فیدرالی بهێنێتەپێشێ و هەروەها سەرجەمی ئەو تەوەرانەش دەیەوێ ئەو كێشە و گرفتانە بەرچاوبخا كە بەهۆی هێنانەكایەوەی ئاگایی سیاسی و كۆمەلایەتی لەپاش بەرهەمدێ و پاشان

www.kurdistannet.org   10-7-2003



بۆئەوەی سێرکردنێ یەکانگیریش لەسەر ئیدیای یەکیەتی فیدرالی بدەین هەولدەدەین لە هەریەك لەو تەوەرانە بوارێ بۆ قسەکردن لەسەر شیاوی و ناشیاوی بەڕەوایەتیکردنی ئەم ئیدیایە لە عێراقێ شەکەت و بریندار بکەینەوە. ئەمەو هەر لەمیانەی ئەو تەوەرانە ئەوەش نیشاندەدەین کە بەبێ سڕینەوەی پەروەردەی سیاسی شۆفێنی و بکوژی بەعسی ناشێ تەماشاکردنی سیاسی کۆك و چارەسەرئامێز بۆ ولاتێ وەك عێراق بەرهەمبهێنرێ و واش لە کەسی عێراقی کرێ وێنە و فۆڕمی سیاسی- کولتووری لەبارەی پێکەوە ژیان داڕێژێ. کە ئەمەش پاشان داوامان لێدەکا باس بهێنینەپێش لەسەر ئەو وڕێنە سیاسییانەی بەبێ بناغە سەبارەت بە تێۆری سیاسی فیدرالیەت لێرە و لەوێ دەوترێ.
 چونکە دیاردەی پێکەوە ژیانی تێکڕای نەتەوە و مەزهەب و تیرە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەلگەی عێراقی بەدروستکردنی تیۆرێ فیدرالی نایەتەدی کە هەرێمێ بوژانەوەی تیابێ ئەویتر بێکاری و کەمدرامەتی یان بەشێ لەو نەتەوە و مەزهەبانە لەژێرسایەی سێستەمێ سیاسی دادپەروە بژین و ئەوبەشەکەی تر ببێ بە مۆلگەی ستەم و زۆرداری.

## تەوەرەی یەکەم: دروستکردنی تێگەیشتن لەسەر ماهیەتی یەکیەتی فیدرالی

گەلێ پێیانوایە تەنێ یەکیەتی فیدرالی دەتوانێ تەبایی و ئاسایش لە عێراقی نوێدا پێکبهێنێ .بەلام زۆربەی ئەزموونە سیاسیە فیدرالیەکان (ئەمەریکی, سویسری,کەنەدی بۆ نموونە) ئەوە نیشاندەدەن کە فیدرالیەت بەمانای پێکەوەژیانی گرووپە ئیتنی و مەزهەبیە جیاجیاکان دێ کە ئەم پێکەوە ژیانەش پێویستی بەئاگاێ سیاسی و کۆمەلایەتی تایبەت بەخۆی هەیە کە دەبێ لەناو ئەو گرووپانە ئامادەبێ و بۆ ئەوەی ئەم ئاگایەش پێکبێ دەبێ گشت شەپۆل و بزووتنەوە سیاسییە جیاجیاکانی ناو ئەو یەکیەتیە فیدرالیە کارێ سیاسی و کۆمەلایەتی زۆر بۆ مسۆگەرکردنی دروستبوون و بەردەوامی ئەم یەکیەتیە فیدرالییە بکەن. ئەمەش لەلایەك لەبەرئەوەی تا جیاوازییە ئاینی و ڕەگەزیەکان بەجۆرێ ئەوتۆ بەکارنەبرێن کە ببن بە تەگەرە لەبەردەم ئەو یەکیەتیە و لەلایتر لەبەرئەوەی تا بکرێ هەستی نیشتمانیش بپارێزرێ کە ئەوە لەخودی خۆیدا یارمەتی پاراستنی سیاسی و ستراتیژی مانەوەی یەکیەتیەکە دەدا. بەلام پڕاکتیزەکردنی ئەم تیۆرە(تیۆری یەکیەتی فیدرالی) نە ئەوەندە کارێ ئاسانە و نەش ئاوا لەماوەێ کەم و بەجۆرێ ئۆتۆماتیکی دێتەبەرهەم و بەتایبەت لەولاتێ بەسیاسیکراوی وەك عێراق و ناوچەێ ووروژێنەری مەزهەبی و تیرگەریی وەك جیهانی عەرەبی کە لەم جۆرە تیۆرەی لەسەردەمی هاوچەرخ و بەو فۆڕمە سیاسی و ئابوورییە نوێیەی ئەمڕۆ ئامادەیە هەرگیز بەخۆوەی نەدیووە .بۆیە ناشێ گومان لەوەنەکرێ کە هێنانەکایەوەی سێستەمێ سیاسی فیدرالی لەچوارچێوەی دەولەتێ یەککگرتوو لە شوێنێ وەك عێراقی پاش داکەوتنی دیکتاتۆرێ تەمەن 35 سال بێ کێشە نابێ. بۆئەوەی پتر ئەم لایەنە ڕوونکەینەوە بەلامانەوە گرینگە باس لەو لایەنە بکەین کە کاتێ باس لە یەکیەتی فیدرالی دەکەین پێویستە لەوە بەئاگابین کە یەکیەتی فیدرالی بنەماێ دەسەلاتیی هەیە و کاتێ ئەم دەسەلاتەش دەستنیشاندەکرێ ئەوکات بەبەشی جەوهەری ئەو یەکیەتیەش بۆ ئەو لایەنانەی دەکەونە ناو یەکیەتیە فیدرالیەکەوە ڕووندەبێتەوە کە لەناوەڕۆکدا یەکیەتیەکە دەبێ لەسەر بناغەی بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری هاوبەش پێکهاتبێ. بەبێ دەستنیشانکردنی ناوەڕۆکی ئەو دەسەلاتە و دیاریکردنی ستاتۆسی ئابووری (کیان) ئەو یەکیەتییە فیدرالییە ناشێ ولاتێ یەککگرتوو و هاوبەرژەوەندی دروستکرێ کە ئەمە بەخۆی ڕۆحی ئەو داوا سیاسیەیە کە هەندێ پێیانوایە بۆئەمڕۆی عێراق شتێ پەسەنکراوە. بەواتێ تر گریمانی پێکەوە ژیان لە چوارچێوەی ولاتێ فیدرالی بەوە بنجبەستە کە گشت لایەکانی ناو یەکیەتی فیدرالییەکە پێویستە خاوەنی ئەو زانینە سیاسییە بن کە یەکیەتی فیدرالی ستاتۆسێ سیاسی بەرجەستەی خۆی هەیە کە ئەم ستاتۆسەش پشت بە ئابووری و ستراتیژێ هاوبەش دەبەستێ. ئەم هاوبەشێتییە ئامانجەکان یەکدەخا و هیواکانیش یەکانگیر دەکا. بەلام ئەمە لەژێر سایەی دەسەلاتێ سیاسی دیموکراسی شێوە ڕۆژئاوایی(بۆنموونە سویسری یان کەنەدی) و دامەزراو لەسەر فەلسەفەێ سیاسی ئیندڤیدوالی سەرمایەداری بالا دێتەدی کە لەناوەڕۆکدا لەسنووری ئابووریێ بازاڕ و فەلسەفەیێ سیاسی پۆست ناسیۆنال (سەرووی نەتەوە) کار بۆگەڕانەوەی مافی هاولاتی و ڕەواییەکانی ئەم هاولاتیە دەکا, نەك لەژێر سایەی سێستەمێ سیاسی دیکتاتۆری (بۆنموونە یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو) , کە فیدرالیەت بۆ ئەو(واتە سێستەمێ سیاسی دیکتاتۆر) تەنیا کۆبوونەوەێ سیاسی درۆ و هەولێکە بۆ سڕینەوەی نەك هەر کولتوور و ناسنامەی کۆمەلگە و گرووپە جیاکان بەلکو وێرانکردنی تاك و شێواندی ماهیەتی هاولاتیەتیشە. بەمشێوەیە فیدرالیەت لەژێرسایەی  سێستەمێ سیاسی دامەزراو لەسەر ئابووریێ لەپاش و دەسەلاتێ سیاسی تاك ,کە کاتێ تەنیا نوێنەرایەتی نەتەوەی سەردەست دەکا و هەروەها ستراتیژی یەکیەتیەکەش لەسەر بناغەێ ئایدیۆلۆژی تۆتالیتاری بوونیاددەنێ, لە ستەم و شۆفێنی و نادادپەروەری کۆمەلایەتی و ئابووری زێتر شتێ ئەوتۆ بەرهەمناهێنێ. پاشان لەحالەتی ئاواش گشت بەش و گرووپەکانی ناو یەکیەتیەکە دەبن بە قووربانی خەونە سیاسی و هیوا ستراتیژیەکانی دەسەلاتە سیاسیەکە. ئەمەش لەشوێنێ وەك یەکیەتی سۆڤیەتی جاران و لەژێر سایەی سیستەمێ تۆتالیتاری وەك ``سەرمایەداری سووری سۆڤیەتی`` ئەو یەکیەتیە بوو بە ڕێگایەك بۆ ناشتنی سیما و تایبەتێتی گشت گرووپ و بەشە جیاجیاکانی ناو یەکیەتیەکە. بۆنموونە کاتێ کە یەکیەتی سۆڤیەت وەك دەسەلاتێ

سیاسی و ئابووری و سەربازی خۆی دەردەخست گشت ئەو دەسەلاتە لە ناوچە ئەورووپیەکە کۆببوەوە و هەروەها تێکڕای بڕیارە سیاسی و ئابووری و سەربازیەکان لە نێوەند ,کە مۆلگەی داڕشتنی بڕیارەکانبوو, جەمسەر گیرکرابوو .هەر ئەم لایەنەش وایکرد کاتێ کە نێوەندی یەکیەتییە فیدرالیەکە هەلوەشایەوە گشت بەش و پارچەکانی تر داڕمان. ئەم جۆرە یەکیەتیە کە بنەمای ئایدیۆلۆژی و ستراتیژێ تۆتالیتاری هەبوو گرنگیێ زۆریشی دی لە پەراوێزکردن و بندەستکردنی زمان و کولتووری بەش و گرووپەکانی تر و بەکاربردنی ئابووری ئەو بەش و گرووپانەش بەجۆرێ ڕەگەزپەرستانە. بۆیشە دوای هەلەوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت مۆسکۆ یان ڕووسیا(نەتەوە و زمان و کولتووری ڕووسی) ستاتۆسی سیاسی نێودەولەتی خۆی لەدەست نەدا و تاکە شوێنێکیشە کە تائێستاش هەر مانای خۆی بۆ ڕووداو و دیاردە سیاسیەکانی جیهان هەیە و جێی خۆی لە بڕیاری نێودەولەتیش لەکەدار نەبووە و دەنگی تایەتی خۆشی لەکاتی پێویست هەر هەیە. بەکوورتی ئەو ناتەباییەی یەکیەتی سۆڤیەتی لەسەر بوونیادنرابوو توانی دواتر ئەو هەیبەتەی ڕووسیا لەناو یەکیەتیەکە بپارێزێ و ڕۆلی لە سیاسەت و ئابووری جیهان وونەکا و دۆزی پەشێوی گەلێ لەو گرووپ و نەتەوانەی ناو یەکیەتیەکە پاش هەلوەشانەوەی یەکیەتیە فیدرالیەکەش هەر وەك خۆی بمێنێتەوە . چونکە ئەو بوونیادە سیاسی و ئابوورییەی هەر لەسەرەتاوە یەکیەتیەکەی ڕاگرتبوو ئیدیاێ شۆڤێنی و تاك جەمسەری نەتەوەی و کولتووری پیادەیدەکرد کە ئەمەش کارێوایکرد پاش پتر لە 70 سال لە پێکەوە ژیانی ڕووس و توورکمان و ئەزەر و کورد و گرووز و ئۆکراینی نەکرا ئەو ناتەبایی و ناچووستیانە بنەبڕکرێ کە کولتوورە جیاکانی ناو یەکیەتیەکە, بەتایبەت غەیرە ئەوروپایەکان , لەتەك یەکا هەیانبوو.

ئەمانەی لەسەرەوە ڕووخران هەموو ئەوە ڕووندەکەنەوە کە خۆ خستنەناو یەکیەتیێ فیدرالیەوە بەرپرسیاریێ مرۆیی گەورەیە و کارێ سیاسی و کۆمەلایەتی بەردەوام و زۆری دەوێ.لەبەرئەوەی ئەو یەکیەتیە کە لەسەر بناغەی فیدرالی دروستدەبێ دەبێ لە جەوهەری ئەم پێکهاتنە ناوەوەییە جۆراوجۆرەی خۆی بگا و هەولی ئەوەندا مەزهەبێ یان گرووپێ یاخود نەتەوەێکی ناو یەکیەتیەکە ببێ بە نێوەندێ بۆ یەکیەتیەکە و شوێنێ بۆ داڕشتنی ئەندێشەی سیاسی و ستراتیژی تاکلا و بەرژەوەندیئامێز کە ئەوە نەك هەر نێوەندەکە هەلدەوەشێنێتێەوە بەلکو دەبێ بە سەرتاێ بۆ دروستبوونی پۆلێ لە بەرەنگاربوونەوەی خوێناوی و جینۆسایدی مونەزەم. نموونەش هەر دیسانەوە یەکیەتی سۆڤیەتی هەلوەشاوەیە و پێکدادانەکانی نێوان ڕووس و چیچانەکان و دووبەرەکایەتیە سیاسیەکانی نێوان گرووزینی و ڕووسەکان یاخود ئەو ڕقەی لەناوچە ئەورووپایەکانی ناو یەکیەتی سۆڤیەتی جارانە بەرامبەر بە خەلکی ئاسیای .بەکوورتی قڕ ڕەش(هەمان شت بۆغسلافیاش ڕوویدا). ئەمە ئەوە نیشان دەدا کە کاتێ یەکیەتیێ فیدرالی لەسەر بناغەی مەزهەبی و ئیتنی جیاواز دروستدەبێ مەترسی دروستبوونی ڕەگەزپەرستی و نادادپەروەری کۆمەلایەتی و چەوسانەوەی ئابووری زۆر لەئارادادەبێ. بۆیە ئەوانەی لەڕووی تیۆریەوە باس دێننە سەر مەسەلەی یەکیەتی فیدرالی دەبێ هەمیشە واتای ئەم یەکیەتیە ڕوونکەنەوە کە لەسەر چ بنەمای ئابووری(یان چاترە بووترێ چ شێوازی لە بەرهەمهێنان) پێکدێ. لەبەرئەوەی ئەوەی کە بووە هۆی هەلوەشانەوەی یەکیەتی سۆقیەتی پێشوو لەکارکەوتنی شێوازی بەرهەم هێنانەکەی ئەم یەکیەتیە بوو نەك شتێ تر.کە ئەمەش بووە هۆی داڕمانی ئەو ئایدیۆلۆژیایەی, کە ئەوەش کۆمۆنیزم بوو, ئەم یەکیەتیە نوێنەرایەتیدەکرد. ئێمەش لە هەندێ خوێندنەوە و نووسینی تایبەت بە بیری کۆمەلناسی ئەمەریکی بەڕەچەلەك ئیسپانی مانوێل کاستێلس لەبارەی چاخی زانیاری(3) ئەو تیۆرەمان پشتگیری لێکرد کە ناوبراو بناغەی بۆدانابوو سەبارەت بەوەی کە دواکەوتنی سۆڤیەت لە کاروانی تەکنەلۆژیای زانیاری بەو داڕمانەی گەیاند و مانای لە ئاواکردنی شێوازی بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی(لێرەدا مەبەست لە ئابووری دەولەتییە کە نەخشەڕیزیێ نێوەندی لەپشتەوەیە) دی. هەر ئەو داڕمانە بووە هۆی ئەوەی لەگشت ڕوو و لایەکەوە ڕەخنە ئاڕاستەی شێوازی بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی لەسەر شێوەی سۆڤیەتی بکرێ و گومانیش لەوەکرێ کە ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزم بکارێ لەتەك داوا و خواستە کۆمەلایەتی و ئابووریەکانی کەس و تاکی نوێی کۆمۆنیست یان سۆسیالیست لێرە یان لەوێ لە جیهانی گلوبالدا ڕێکا. بۆیە داکەوتنی ئەم یەکیەتییە فیدرالیە بەمانای پووکانەوەی ئەو مۆدێلە سیاسیەش هات کە پێیوابوو دەتوانێ نەتەوە و کولتوور و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان لەناو یەك ستاتۆسی سیاسی و شێوازێ لە بەرهەمهێنان یان فۆڕمی ئابووری کۆکاتەوە. ئەم داڕمانە ڕێگایەکی زۆریکردەوە لەبەردەم ڕەوایەتیدان بە مۆدێلی سیاسی فەلسەفەی بازاڕ و لیبرالیزمێ سیاسی پشتبەستوو بە دەولەتێ پۆست ناسیۆنالی سەرمایەداری پێشکەوتوو. بەکورتی داڕمانی مۆدێلی سیاسی و ئابووری سۆڤیەتی بووەهۆی هەلگرتنەوەی ئەوی فەلسەفە سیاسی و ئابووریەی ئەمڕۆ ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تەبەنای دەکا. بۆیە بۆ بەرەو پێشەوەبردنی تێگەیشتن لەسەر یەکیەتی فیدرالی گرینگە ئەو لایەنە بایەخێ زۆری پدرێتێ کە سەرنج دەخاتەسەر ئەوەی کە بیرکردنەوە لە یەکیەتی فیدرالی دەبێ بە بیرکردنەوە لە ئابووری ئەم یەکیەتیە ببەسترێتەوە و فۆڕمی بەرهەمهێنانی ئەم ئابوورییەش گرینگە کە هەر لەسەرەتاوە دەستنیشانکرێ. بەدلنیایشەوە ئەو شێوازە لە بەرهەمهێنان یان ئابوورییە سیاسیەی لە ولاتێ وەك عێراق هیوای ئەوەی لێدەکرێ وەگەڕخرێ هەر ئابووری بازاڕ دەبێ یان ئەو ئابووریە دەبێ کە دەبێ لەتەك گۆڕانکاریەکانی فەلسەفەی سیاسی و

ئابووری جیهانگیری ڕێکا. ئێمە لەمیانەی قسەکردنەکانمان لەبارەی یەکیەتی فیدرالی لە ولاتێ وەك عێراق زۆر بەلامانەوە گرینگە وەك بناغەێ تیۆری بۆ ڕوونکردنەوەی جەوهەری مۆدێلی سیاسی یەکیەتی فیدرالی باس بهێنرێتە پێشێ لەسەر فۆڕمی ئەو ئابووریە و میکانیزمی کارکردنی ئەم ئابووریە لەناو ئەو یەکیەتیە ئەمەش لەبەرئەوەی سەرکەوتنی ئەو یەکیەتیە فیدرالییە , کە بووە بە بنێشتە خۆشەی سەرزاری ئەمەریکی و هاوبیرەکانیان کە لە پێش هەموویانەوە سیاسیانی کورد دەگرێتەوە, بەو لایەنەوە گرێدراوە کە چەند ئابووری ئەم یەکیەتیە توانای دروستکردنی تەبای ئابووری و دادپەروەری کۆمەلایەتی هەیە. بەپێی تێکڕای ئەو تیۆرانەش کە لەبارەی فیدرالیەتەوە لەئارادایە ئەمەش تەنیا لەژێر سایەی ئابوورێ دیموکراسی دادپەروەرئامێز دێتەکایەوە. مەبەستیش لەو ئابوورییە دیموکراسیە دادپەروەرئامێزە ئەو فۆڕمە سیاسیە ئابوورییە کە زۆربەی ولاتانی سەرمایەداری پێڕەویدەکەن و کە لەژێرسایەشیدا باس دەهێنرێتە پێشێ لەسەر مافی هاولاتی و ڕەوایەتیەکانی ئەم هاولاتیە کە بەخۆی ماف و ڕەوایەتیەکانی ئەم هاولاتیە بەو ئەرکانەوە بنجبەستە کە چەند و چۆن بەجێیدێنێ. چونکە سێستەمی سیاسی لیبرالی سەرمایەداری نوێ تاکەکەس یان هاولاتی بەوە پێوانە دەکا کە چەند ووریا و دلسۆزە لە بەجێهێنانی ئەو ئەرك و کارانەی پێدەسپێردرێ کە لەبرِی ئەوانەش ئەم تاکەکەسە یان هاولاتیە ماف و ڕەوایەتیەکانی دەتوانێ بەدەستبهێنێ. ئەم فەلسەفە سیاسییەی لە ئاستێ ئابووری زانیاری بالا لە ولاتانی هاوچەرخی ڕۆژئاوا کاری بۆدەکرێ بەهیچ جۆرێ یەکناگرێتەوە لەتەك ئەو نەرِێتە سیاسی و ئابوورییە تێکەلاوەی ڕژێمی بەعس لەناو نەتەوە و تاقم و تایفە جیاجیاکان چاندوویەتی. تۆ چی لە ڕژێمێ سیاسی وەك بەعس دەکەی کە بۆ 35 سال ئابووری ئەو ولاتەی بۆ مەبەستی سیاسی و ستراتیژی ڕەگەزپەرستانە بەکاربردووە و لەئێستاشدا ئەم ئابووریە تا سالانێ زۆر دەبێ داهاتی نەتەوەی بۆ پڕۆژە خۆ سەرلەنوێ بوونیاد نانەوەکان و قەرزدانەوە و پڕکردنەوەی ئەو تێچوونانە تەرخانکا کە لە ئاکامی جەنگە یەك لەدوای یەکەکان دووچاری هاتووە. لێرەوە دەشێ باس لە ئالۆزکاری و تەگوچەلەمەێ زۆر کرێ کە لەگەل باس لە پێکەوە ژیان لە چوارچێوەی یەکیەتێ فیدرالی لە عێراق مانای خۆیان هەیە.

لەئاکامی ئەوی لەسەرەوە ووتمان ڕۆشنایی لەسەر ئەوە دادەنێین کە ئایندەی ئەو یەکیەتیە , بەواتای چارەنووس و بەردەوامی ئەو یەکیەتیە , لەسەر ئەوە دەوەستێ کە ئەو یەکیەتیە تاچ ئەندازەیەك مۆدێلێ سیاسی دیموکراسی لە خۆدا حەشاردەدا و چەندیش ئەو ئابووریە لە خزمەتی ئەو مۆدێلە سیاسیە بەکاردەبرێ. لەبەرئەوەی مەسەلەی ئەوەی کە عێراق ولاتێ نەوتییە و دووەم ولاتی جیهانەیشە لەڕووی ئیحتیاتی نەوتەوە ( ئەوەی عێراق دوەم ولاتی جیهانە لەڕووی ئیحتیاتی نەوتەوە ئەە هەقایەتێکە تەنیا دانیشتوانی عێراق لەدەم خەلکەوە بیستوویانە و بە فیعلی بەری ئەو دەولەمەندییەی عێراقیان نەخواردووە).هەموو ئەوەش کە باسمان کرد , واتە پشت بەستنی ئەو مۆدێلە فیدرالیە بە سیستەمێ سیاسی دیموکراسی, پێویستی بە هاولاتیانێ ئازاد و بڕوابەخۆ و خوێندەوار هەیە کە بتوانن لە مانای هاولاتێتی خۆیان و هاولاتیەتی ئەوانی تر بگەن. بەواتاێ تر, لەم حالەتەدا گەلێ پێیانوایە بەزۆری گرینگە باس بێتە سەر دروستکردنی سێستەمێ سیاسی مولتی(فرِە) کە دەبێ لەتوانایدابێ ئەو جۆراوجۆری و فرِەگەریە ئیتنی و مەزهەبیە بپارێزێ بەجۆرێ کە بتوانێ ڕێگا لەبەردەم جەماوەر بکاتەوە بەشداری لە دروستکردنی دەولەتێ بکا کە لەسەر بناغەی یەکیەتێ فیدرالی دروستبێ. بەلام بۆ دامەزراندنی سێستەمی سیاسی وا , کە نە لە عێراق و نەش لە ناوچەکە وێنەی هەیە, پێویستیێ زۆر لەئارادا دەبێ بۆ ئەوەی پێیدەلێن هەستکردن بە بوونی هاولاتی و هەستی هاولاتیش بەبوونی خۆی. چونکە زۆر گرینگە بۆلەمەولا باس لەوەکرێ کە هاولاتیەتی ,لە چوارچێوەی دەولەتی عێراقی تازە ,چۆن دەکەوێتەوە و چەند ئەم هاولاتیە ئامادەیە بەشداری لە دارِشتنی ستاتۆسی سیاسی خۆی بگا و نەهێلێ جارێ تر بێ حورمەتی پێبکرێ. چونکە ئەرکی ئەو یەکیەتیە فێدرالیە, کە دەبێ لەسەر بناغەێ دیموکراسی مولتی سیاسی دروستبێ, ئەوەیە هەستی بە هاولاتیەتی لەناو خەلك بلاوکاتەوە کە ئەم هەستەش نابێ بنەماێ تایفەگەری یان ئیتنی یاخود مەزهەبی هەبێ چونکە ئەو هەستە یەکیەتیەکە هەلدەوەشێنێتەوە و ولاتەکە دەکا بە شوێنی بەربەرەکانێی خوێناوی و مەیدانێ بۆ شەڕی ئیتنی و تایفی و مەزهەبی بەردەوام کە بەخۆی ولاتی عێراق هەوێنی ئەو دیاردەیەی تیایە. ئەمەو جگەلەو کێشە ئامادەیەی بەعس لەپاش خۆی بۆ هاولاتیانی عێراقی بەجێهێشتووە کە ئەوەش بریتیە لەو چەند ملیۆنە بەعسیەی تەمەنی 35 سالە یان ئەو چەند ملیۆنە گەورە سەربازاەی ولاتێ نەوتی و خاوەن دانیشتوانێ بیست بۆ بیست و پێنج ملیۆن بە میرات لە بەعسەوە بۆی ماوەتەوە. ئەمە(واتە ئەو ژمارە زۆرە لە بەعسی و سەربازی گەورە) ئەو سەرمایە کوشندەیەیە کە دیکتاتۆر لەپاش خۆی بۆ خەلکی ماندوو و بێزاری وەك عێراقی بەجێهێشتووە.هەر لێرەدا دەکرێ پێشبینی ئەوەشکرێ زۆر موخابن کە ئەم دوو سەرمایەیە زۆر ئاساییە لەماوەیێ کورتدا ببێ بە بوارێ بۆ وەبەرهێنانی تەوژمی سیاسی ئیسلامی ترسناك کە هیوا بەبەر تەوژمی سیاسی ئیسلامی ناوچەکە بکا و , هەروەها بوونیان سەرەتایێکیش بێ بۆ زنجیرەێ پێکدادانی سیاسی نوێ لەشێوەی توندڕەوی مەزهەبی و تیرگەری کە دەکرێ زیانێ زۆر لەو گرووپ و نەتەوانە بدا کە لەو ناوچانەدا بەچاوێ نامۆوە تەماشادەکرێن کە لەپێش هەموویانەوە کورد دەگرێتەوە کە ڕەنگە ئەمەش زۆر پێوەندی لەلاێ بە پەروەردەی سیاسی بەعسەوە هەیە کە کوردی بەحۆرێ لەناو عێراق وێنەکردووە کە نیشتیمان پەروەر نییە

و ئامادەیە هەمیشە بۆ بەدەستهێنانی مەرامەکانی دەستبخاتە دەستی بێگانەوە.لەلاێ تریش پێوەندی بە ڕەفتاری ڕۆژئاواشەوە هەیە کە کورد جاریوایە بەجۆرێ وابەستەی خۆی دەکا کە کاتێ دەستبەرداری دەبێ زیانێ زۆری لێدەدا. بۆنموونە هەموو جیهان ئەوهاریکاریەی نێوان کوردەکان و هاوپەیمانانیان دی کە چەند یەکانگیر بوو بۆ لێدانی عێراق بەلام بەهاتنە خوارەوەی ئاستی پێوەندی نێوان کوردەکان و ئیدارەی سیاسی ئەمەریکی کێشەی کورد دەکەوێتە ژێر هەموو چەشنە پرسیارێکەوە.

بۆیە کاتێ یەکگرتنەوە لە عێراقی تازە لەنێوان ئەو هێزانەی (وەك ئەوەی لەسەرەوە باسمانکرد بۆنموونە بەعسی و سەربازەکان بۆ دروستکردنی فۆڕمێ لەدەسەلاتی ئیسلامی سیاسی ) شمەکی پەروەردەی سیاسی ڕژێمی سیاسی دیکتاتۆرەکەی بەغدان ئەوا بەدلنیایەوە دۆزەخێ سیاسی بۆ کورد دادەمەزرێ کە زۆرترین زیانی لێدەدا. ئەم کێشەیە نەبێ کە لە پاش داکەوتنی پەیکەری دیکتاتۆرەوە دەشێ وەك کوشندەترین دیاردە سێرکرێ و مەترسیێ گەورەیە لەبەردەم دروستبوونی هاولاتیەتی و مانای ماف و هەستی پاراستنی پێکەوە ژیان ئەوا وەکیتر بۆئەوەی مۆدێلی هاولاتیەتی لەناو یەکیەتی فیدرالی عێراق سەرگرێ دەبێ هاولاتیێ شیعە یان هاولاتیێ کورد یان عەرەبێ سونە و توورکمانێ واز لە ئینتمای شیعەیەتی یان کوردی یاخود سونەی و توورکمانیەتی خۆیان بهێنن و گشت ئامادەبن بەشداری لە دروستکردنی ئەو یەکیەتیە فیدرالییە بکەن کە ئامانجی ڕاگرتنی بەهای هاولاتیەتی و پاراستنی مافەکانی ئەم هاولاتیەتیە. بەلام ئەمە لەواقیعدا بۆ ئێستای عێراق زۆر سەختە ئاوا بەپەلەو و لەناکاو سێستەمێ سیاسی لەم شێوەیە بێتە دی کە هەستی بە هاولاتیەتی ببێ بە پرنسیپێ باو و گشتی لەناو خەلك و ئامانجێ بۆ یەکگرتنەوەی تایفە و ئیتنە جیاجیاکان و هەروەها ئەم هەستی هاولاتیەتیە جێ بە هەستی تایفەگەری و ئیتنی و مەزهەبی چۆلکا. بۆیە نەبوونی ئەم هەست بە هاولاتیەتیە و ڕانەگرتنی بەهای ئەوی پێیدەلێن هاولاتی لە عێراقی تازە دەبێ بە یەکێ لەو کێشانەی وەك مۆرانە دەچێتە ناو ساختمانی ئەو یەکیەتیە فیدرالیەوە و بەبێ دوو سێ دەیشێوێنێ . ئەو یەکیەتیەش کە ئەمەریکایەکان ئەندازیاری بەسەرەوەدەکەن هەر دەبێ ئەو شوێنەی تیابەدیکرێ بۆ هاولاتی , بۆ ماف و ئەرکەکانی هاولاتی لەسەر شێوازی سیاسی سەرمایەداری هاوچەرخ . بۆیە بۆ چارەسەرکردنی گشت کێشەێ ناسیۆنالی یان مەزهەبی یان تایفەگەری کە دێتە پێش ئەو یەکیەتیەی ئیدارەی سیاسی ئەمەریکی بۆ عێراقی پاش دیکتاتۆر بە پەسەنکراوترین فۆڕمی سیاسی دەزانێ تەنیا بەگەڕانەوەی بایەخ بۆ هاولاتی و ئیندڤیدوالیتێی مرۆڤی عێراقی مەیسەردەبێ. چونکە ئەم جۆرە فۆڕمە سیاسیە تاکە ڕێگایەکە لەبەردەم ولاتێ وەك عێراق و بەتایبەت لەم حالەتەی ئێستای کە هەر لەسەرەتاوە ترسی ئەوە لەئارادایە کە لەئاکامی ئەو ناحەزیانەی لە ولاتەکە بەرامبەر بە سیاسەتی ئەمەریکایەکان و ئەو نەتەوە و گرووپانەی پشتگیری لە پێشنیارە سیاسیەکانی هاوپەیمانان دەکەن و هەروەها لەبەر ڕۆشنایی ویستی سیاسی و ناسیۆنالی ناوچەکە بۆ دابەشنەبوونی خاکی عێراق جۆرە کارکردنێ سیاسی لەشێوەی فۆڕمی پێکەوەکارکردنی ناسیۆنال و مەزهەبیەکان لە عێراق بێتەکایەوە بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەلات. ئەوەش بەمانای ئەوە نایێ زۆرینەی شیعە بکەونە ئیئتیلافی سیاسیەوە لەتەك ناسیۆنالیست و سەربازەکان بۆ بەڕێوەبردنی عێراق چونکە شیعەکان لەماوەی ئەم 50 سالەی دوای و بەتایبەت لەژێر سایەی حکومەتی بەعس گەورەترین زەرەریان لە عێراق لەدەست ناسیۆنالیستە عەرەبەکان و بەعسیە-سەربازییەکان لێکەوتووە. بەلکو ئێمە پتر مەبەستمان ئەوەیە کە کارکردنی ئەمجارەی بەعسیزم و سەربازیزم لەناو ئیسلامیزمدا دەبێ بە دەروازەێ لە عێراقی پاش دیکتاتۆر بۆ بوونیادنانی فۆڕمێ ناسیۆنالی ئیسلامی. ترسناکی ئەم لایەنە ئەوکاتە بەتەواوەتی دەردەکەوێ کە ئەمەریکایەکان وەك بەشێ لە یاریە سیاسیەکانیان و وەك خەلاتکردنێکی خەلکی هیلاك و شەکەتی عێراقی پشتگیری لەم جۆرە فۆڕمە سیاسیانە بکەن و بەخێویانکەن تائەو کاتەی بیانەوێ گریمانێ سیاسی تر پێشنیارکەن و شانۆگەریێ تری ئیستخباراتی بگێڕن.

## تەوەرەی دووەم: هەلبژاردنی یەکیەتی فیدرالی وەك فۆڕمێ بۆ پێکەوە ژیان لە عێراقی نوێ

گەر ئەمە (واتە هەلبژاردنی یەکیەتی فیدرالی وەك فۆڕمێ بۆ پێکەوە ژیان) ئەو گریمانەبێ کە زۆربەی گرووپ و تەوژمە سیاسییەکان ماوەیەکە بناغەی بۆ دادەنێن ئەوا مەرجە بە کراوەیی باس بهێنرێتە سەر دۆزی سیاسی و ئابووری ئێستای عێراق کە چەند شێواو و گرفتاوییە. چونکە ئەم ولاتە پاش ژیان بەسەر بردن لەژێر سایەی دەولەتێ دیسپۆتیستی ڕۆژهەلاتی و ڕژێمێ فاشی بەدەوی (ئەم دەربڕینە , واتە فاشی بەدەوی کە بە عێراق ووتراوە , لە ڕوناکبیری سووری بەسام تیبی-م وەرکرتووە کە لە یەکێ لە ژمارەکانی گۆڤاری فکری عەرەبی موعاسیر لە 1982 کان بەرچاومکەوتووە ) لە دۆزێ سیاسی زۆر بەتەندوروستی ناژی و باری ڕوناکبیری سیاسیش لەم ولاتە کە ناجۆر و ناتەبایە جارێ بێتوانایە لەوەی کە بتوانێ ئەوە یەکلاکاتەوە کە دروستکردنی ئەم جۆرە یەکیەتیە لەولاتێ فرە مەزهەبی و ئیتنی وەك عێراق پێویستیە نەك یاریێ سیاسی و جۆرە بێزاریەکیش نییە

له ستاتۆسی دەولەتێ مەرکەزی بەقەد ئەوەی پێداویستیێ سیاسی هەنووکەیە. چونکە زۆربەی لێدوان و وتارەکانی سیاسەتمەداری کورد و ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی ئەوە دیارناکەن کە ئەوە چ چوارچێوەێکە بۆ ئەم فیدرالیەتە دەخوازرێ داڕێژرێ و دواتر گەلێ لەوان ڕوناکبیریێ سیاسی تیۆری هاوچەرخیان لەسەر مۆدێلی سیاسی یەکیەتی فیدرالی نییە و لەناو خەلکیش گەر هەچ زانیاریەك لەو بارەیەوە هەبێ ڕەنگە بەزۆری لەناو کوردەکان بێ و ئەوەی پێوەندی بە باشووری عێراقەوە هەیە لەمبارەیەوە , بەپێی ئەوەی هەفتەیەکە لە چنگ دەسەلاتی سەربازی بەغدا دەربازی بووە , ڕووناکبیرێ ئەوتۆیان لەسەری نییە و ئەوی لەسەر دیاردەی ئەم مۆدێلە سیاسییە بەئاگایە تەنیا ئەو ڕوناکبیر و دواتر سیاسیانەیە کە لە هەندەران دەژین یان ماوەیەکە لە کوردستان جێنشینن .واتە لەدەرەوەی کوردەکان فیدرالی تەنیا لە ئەندێشەی ئەوانەدا دەخولێتەوە کە لە هەندەرانەوە گەیشتوونەتە باشووری عێراق و وەکی تر و لەدەرەوەی بازنەی ئەوان زانینێ سیاسی مۆدێرن لەسەر ئەم ویست و خواستە سیاسییە لە بنەتەڕتدا لەنێو هاولاتیانی باشووری عێراق بوونی نییە. ڕەنگە لەنێو خەلك لە باشووری عێراق بەگشتی فیدرالیەت جارێ داواێکی سیاسی هاوپەیمانان بێ و ویستێ ئەمەریکی بێ بۆ بەشبەشکردنی ناوچەکە. بۆیە بەگشتیکردنی تێگەیشتنی سیاسی لەسەر دامەزراندنی عێراقێ فیدرالی دەبێ بەجۆری کاری بۆبکرێ کە بکرێ بە پێویستیێ سیاسی و کارێ ئەوتۆشی لەپێناودا بکرێ کە داواێ جەماوەریشی لەپشتەوە بێ. ئەگەر نا ئەوا ئەو یەکیەتیە هەمیشە لەژێر مەترسی هەلوەشانەوە دەبێ و وەك دەستدرێژییێکیش تەماشادەکرێ بۆ سەرخاکی عێراق. ئەو پەروەردە سیاسیەی لە عێرافیش بەدرێژای ئەو 35 سالە پیادەکراوە زۆر یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی هەمیشە ئەو جۆرە بیر و خەیالە سیاسیانە دژ بە واتای فیدرالیەت و پێکەوە ژیان لەسەر بناغەی دانان بە جیاوازی ناسامەی ئیتن و گرووپ و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان دروستبێ. بۆیە ئێمە هەر لەسەرەتاوە جەغتمان لەسەر ئەوەکرد کە گۆڕینی پەروەردەی سیاسی باوی ئەمڕۆی ناو عێراق لە شتە سەرەکیەکانە کە پێویستە شەپۆل و گروپە سیاسیە جیاجیاکان بیری لێبکەنەوە. لەبەرئەوەی لابردنی دیکتاتۆر لەئاکامی شۆڕشێ جەماوەری و کودەتاێ سەربازی نەبووە و بەلکو لەئاکامی وەگەڕخستنی قوودرەتی سەربازی دوو سێ ولاتەوە بووە کە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەرپەرشتی کردوە و هەمووش پێکەوە ئەو هێزەیان پێکهێناوە کە ناونرا هێزی هاوپەیمانان کە لەبنەڕەتدا ئەو ولاتانە پێکدێنن کە بەرنامەی جەنگیان داڕشت کە ئەو جەنگەش وەك تاکە چارەسەرێ تەماشاکرا بۆ لابردنی دیکتاتۆرەکەی بەغدا. ئەمە هەر لەسەرەتاوە ئەو سەرنجەی لای خەلکی عێراق و ناوچەکە دروستکرد کە حکومەتی دامەزراوی عێراق سەربەخۆ نابێ و بەرهەمی تێگەیشتنی سیاسی هاوپەیمانان( چاترە بووترێ ئەمەریکایەکان ) دەبێ. چونکە زۆربەی نوێنەرانی ئەو حکومەتە(ئەمە سەبارەت بە باشووری عێراق) کەسانێ هەندەرانین بە هەموو ئاڕاستەکانیەوە لە لیبرالیەکانیەوە تادەگاتە ئاینیەکان. ئەمەش لەڕاستیدا تراژیدیاێ گەورەیە کە ولاتێ بە سیاسیکراوی وەك عێراق لە کوردەکان( و ئەلبەتە شیعەکانیش بەلام لەدەرەوەی خاکی عێراق و نەك لەناوەوەی ) زیاتر ئەو بناغە جەماوەریەیان لە ناوچەکانیان نەبێ. بەدلنیایشەوە ئەوە بەزۆری بۆ قوودرەتی ڕژێمی بەعس دەگرێتەوە کە چەند بەجۆرێ سێستەماتیك و مونەسەق هەمیشە لە تیرۆر و تۆقاندنی نەیار و دژەکانی بەردەوامبووە.

ئاشکرایە پارتی بەعس هەر لەسەرەتای سەرهەلدانیەوە بەجۆرێ مونەزەم و سیستەماتیك تا ڕۆژی دەسەلات گرتنە دەست(1968) و چرکەی داکەوتنی پەیکەری سیمبۆلی ئەم پارتە(2003/04/19) کاری بۆ دوورخستنەوە و فەوتانی ناحەز و نەیارەکانی کردووە. لاوازکردن و دوورخستنەوەی بەردەوامی حیزب و شەپۆلە سیاسیە غەیرە بەعسی (چاترە بووترێ غەیرە سەدامییەکان کە لە باسێ تایبەت ڕوونمانکردۆتەوە) یەکان تاکە فۆڕمێکی کاری سیاسی ئەو ڕژێمە دیکاتۆرەی بەغدا بووە. دوورنەڕۆین لەپال گشت ئەو ڕێگا و شێوازانەی پارتی ناوبراو لەپێش هەمووشەوە خودی دیکتاتۆر گرتیەبەر بۆ لەناوبردنی توێژی سیاسی و سەربازی و خەلکی سادەی عێراقیش ئەو جەنگە بوو کە لەگەل هاتنەسەر حوکمی بیریلێکردەوە لەتەك ئێران هەلیگیرسێنێ. لەگەل گشت ئەو لێکدانەوانەی تائێستا لێرەو لەوێ بۆ هۆی هەلگیرسانی جەنگی نێوان عێراق- ئێران کراوە ئێمە پێمانوایە دەشێ ئەوەش زیادکرێتە سەر خەرمانەی ئەو هۆیانە کە وەك هۆێ تر لەپال هەلگیرسانی ئەو جەنگە تەماشاکرێ کە ئەوەش ئەمەبوو: ئەم جەنگە سەرەتایەك بوو بۆ لەناوبردنی توێژە سیاسی و سەربازیەکانی عێراق پێش هەمووشتێکیش سەرقالکردنی گشت چین و گرووپ و توێژە نیشتمانیەکان بە ئاگری جەنگ و پەرتەوازە و بالاوکردنەوەیان لە ڕێی جەنگ و کەمکردنەوە و تاڕادەێ سڕینەوەی توانای بەرەنگاری و خۆڕێکخستنی گشت چین و تاقمە سیاسیەکانی ناو کۆمەلگەی عێراقی .

هەر لەودەمەدا و لەماوەی ئەم جەنگە(لە 1987 بەولاوە ) بەرنامەێ ڕێکخراو و کۆنکرێت بۆ لەناوبردن و جینۆسایدکردنی کەسی کورد دانراو و ئەوەش کاریگەریێ زۆریکردە سەر توانای سیاسی و خەباتی کورد و دەکرا وەك ئەوە تەماشاکرێ کە ڕێگاێ بوو بۆ هەرەسێ سیاسی نوێ و بەرهەمهێنانی تێکشکانێ نەتەوەیی بەرجەستە و مونەزەم. ئەمە تاڕادەێ بۆ بەعسیەکان لەماوەێ دیاریکراو سەرکەوتنی خۆی بەدەستهێنا چوونکە خەباتکار و سیاسییانی کورد هەروەك خەلکی سادە و گشت کوردێ زۆرلێکراو و ستەمدیدە کەوتنە سەرسنوورەکان و لێرەو لەوێ پەوتەوازە بوون. بەلام لەئاکامی ئەو غەلەتە سیاسیانەی دیکتاتۆر تێیکەوت ,کە لایخوارەوە باسیدەکەین , بوارێ تر بۆ خەباتی سیاسی کوردی جارێ دی کرایەوە و کرا نزدیکبوونەوەێ سیاسی و جەماوەری لەنێوان خەلك

www.kurdistannet.org 10-7-2003



و پارته سیاسیه کوردیەکان دەستپێکاتەوە کە ئەوە هەرگیز ڕژێم جارێ تر چاوەڕوانی نەبوو. بۆیە دەشێ بووترێ ئەو هەناسیەش کە پارتە سیاسیە کوردەکان توانیان هەلیکێشن بەبەراوورد بە گشت پارت و شەپۆلە سیاسیەکانی تر لە عێراق هۆیەکەی بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کە کوردەکان هەلی قرتان لە حکومەتی مەرکەزی بەغدایان بۆ هاتە پێشەوە ئەوەش دوای ئەوەی کە دیکتاتۆر ئەو غەلەتە سیاسیەی پێکرا کە لە 2ی تەمووزی 1991 دا بیر لە یەکحستنی خاکی کوێت لەگەل خاکی عێراق بکاتەوە ئەمەش بووە مایەی ئەوەی ولاتانی هاوپەیمان پێکبێ ,کە ئەو کاتە ژمارەیان زۆر پتر تر بوو لەو ژمارەیەی 2003 , بۆ بەئەنجامگەیاندنی هێرشی سەربازی دژ بە عێراق و , ئەم هێرشەش لەشکری عێراقی ناچارکرد بە تێشکاوی ملی ڕێگا بەرەو بەعدا بگرێتە بەر و ئەو تێشکاویەش کارێ وای بەسەر عێراق هێنا باری سەربازی و ئاسایشی تێکچێ وئەمەش بووە مایەی ئینتیفازە ناودەرەکەی گەلی کورد لە باکوور و شیعەکان لە باشوور بەلام دوای ئەوەی هێزی هاوپەیمانان, و بەبڕیاری ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا , پاش ڕاونانی لەشکری عێراقی لە ولاتی کوێت بیریان لەوەکردەوە سنوورێ بۆ هێرشە سەربازیەکەیان دانێن و لە شوێنێ دیاریکراو کۆتای پێبێنن و , بەپێی فەلسەفەی سیاسی و ستراتیژی سەربازی ئەو کاتەی پنتاگۆن دەرکردنی عێراق لە کوێت پڕۆژەی یەکەم بوو و وە پڕۆژەی دووەمیش لاوازکردن و سنووردارکردنی دەسەلاتی سەربازی ڕژێمی بەغدا بۆیە دەستیان کرد بەوەی باس لەوەبکەن کە ئەمەی کرا بەسە و کاری ئەوان لێرەدا تەواوبوو (شوارتزکۆف وتەنی کە بەرپرسی هێرشەکە بوو) بۆیە بیریان لەوەکردەوە دەستبەرداری عێراق بن و مانەوە و لابردنی ڕژێمی فاشی عێراق بۆ خەلکی عێراق بەجێبهێلن و , بەپێی هاوپەیمانیەك ڕێگای ئەوەیان لە عێراق کردەوە هەایکۆپتەر بتوانێ بەکاربەرێ و ئەویش تا توانی کەوتە سەرکوتکردنی ئینتیفازەی شیعەکان و پێش ئەوەش کە بکەوێتە قڕکردنی کوردەکان, کە کوردەکان زۆر زووتر دەرکیان بەوەکرد و بە خوێنبازی و مەرگدۆستی ڕژێمەکەی بەغدا دەمێك بوو ئاشنا ببوون, بۆیە ناچاربوون ڕوو لە شاخ بکەن و خۆ نخەنە ئامێزی ئەم دۆستە دێرین و تاکە پەناگەیەیان .ئەمەش کۆڕەوێ تراژیدی لێدروستبوو و ئەم کارە هەڕەمەکی و عەفەویەی خەلکی کورد , کە بەباوەڕی ئێمە بەرهەمی تێگەیشتنی سیاسی ڕۆژانە و ئەزموونی شەخسی خۆیان بوو بۆ کێشەکە و لەئاکامی جۆرە هەستێ جەماوەری ئەنارکیستی(فەوزەوی) نامونەزەم دروستبوو کە پاشان دەنگێ گەورەی لە جیهان دایاوە و وێنەێ زۆری لە سەر ئاستی نێودەولەتی لەسەر هەقیقەتی دراماکانی کورد دروستکرد و و بووش بەرێگایەك بۆ بەگلوبالبوونی کێشە و ناوی مرۆی کورد و سەرکردە و شار و شاخەکانی هەروەها لەهەمانکاتدا ئەم کۆڕەوە هەڕەمەکییە ناسیاسییە ناڕێکخراوە ڕۆلێ زۆریشی دی لە یادخستنەوەی گشت تراژیدیا کۆن و تازەکانی کەسی کورد و دۆستایەتی نێوان ئەم کەسە و شاخ و دۆلەکانی. هەر لەم دەمووەختەشدا بوو کە هاوپەیمانان لەبەر سومعەی سیاسی و پڕۆژەی سیاسی دووریان هاتن زۆنێکی دژە فڕینیان بۆ کوردەکان لە 1991/04/19 پێکهێنا کە ئەمە بوو بە مایەی قرتاننی ناوچەی باکووری عێراق ( واتە کوردستان.چونکە لە ماسمێدیای ڕۆژئاوا و لەسەر ئاستی دیپلۆماتی و لەنێوەندە نێودەولەتیەکان بەگشتی دەربڕینی باکووری عێراق بەکاردەبرێ نەك کوردستان کە ئەوەش بەخۆی مانای سیاسی گەورەی هەیە) لە حکومەتی مەرکەزی و , لەوکاتەشەوە تا ڕۆژی داکەوتنی پەیکەرەکەی دیکتاتۆر لە بەغدا کوردەکان لە کوردستان دوور لە ئیدارەی سیاسی ڕەگەزپەرستی بەغدا و بەیارمەتی ڕێکخراوە نێودەولەتیەکان و لەژێر سایەی ئەو بڕیارەی کە (واتە بڕیاری986) بۆ یارمەتیدانی کوردەکان هاتەکایەوە بەمە کوردەکان لە کوردستان توانیان حوکمی خۆیان بکەن. ئەلبەتە لەگەل هەموو کێشە و ئاشووبەکانی ئەم حوکمە ,هەر لە بێ ئاسابشی و بلاوبوونەوەی بێکاری و دەستکورتی و نەبوونی لەسەرەتاوە تادەگاتە شەڕی ناوخۆ و حیزب پەرستی و چەندین کێشەی ناوخۆی تر وەك بێئەزموونی دەسەلاتی سیاسی کوردی لە خۆبردنەڕێوە , بەکارنەبردنی گشت میکانیزمەکانی خۆناساندن بە دەرەوەی خۆی, ڕوون نەکردنەوەی داواکانی, ڕاڕاییەکانی لە شاردنەوەی وتنی داوا سیاسیەکانی, هەلوێست وەرنەگرتنی بەرامبەر بە هەندێ دیاردەی سیاسی ناوچەی و جیهانی لەگەل هەموو ئەمانە بەلام کرا لەوماوەیەدا کەسی کورد بایەخ بە ناسنامەی نەتەوەی خۆی بدا. بەلام ئەم هەلە بۆ خەلکی باشوور یان ناوەڕاستی عێراق نەهاتە پێشێ و ئەمەش لە ڕۆژێ وادا دەردەکەوێ چەند ئەو مەسەلەیە زەرەرمەند بوو و چەندیش ئەو لایەنە کاریگەریێ نێگەتیڤی بەسەر پرۆسەی پێکەوە ژیان و هەرسکردنی داوا تازەکانی ژیانی سیاسی نوێ عێراق بەجێدێلێ. مانەوەی ئەو ناوچانە لەژێرسایەی ڕژێمی فاشی بۆ 13 سالی تر پتر دایانیبڕی لە گشت ماف و ئازادیەك و بەتایبەت لەکاتێکدا ئەمە ڕوویدا کە ڕۆژئاوا لەسەرەتای 1990 کان کەوتە ناو دۆزێ سیاسی و کولتووری ترەوە و کە خەلکی ئەو ناوچانە دەکرا بەجۆرێ لەجۆرەکان هەروەك خەلکی ناوچەی کوردستان بکەونە ناو فۆڕمێتر لە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و تاڕادەیەك دەکرا ئەم ناوچانە بناغە بۆ ئینتیفازەێ مونەزەم دانێن و توێژی سیاسی عێراقیش لە هەندەران و لەناوەوە ڕێککەون لەسەر پێکەوەکارکردنێ سیاسی نوێ و شتێ زووتریش بتوانن لە جەوهەری ئەو سێستەمە سیاسیە نێودەولەتیەش بگەن کە باس لە کراوەیی و فۆڕمێ زۆر لە ماف دەکا. موخابن ئەم لایەنە بەزەزەرێ زۆری کاری سیاسی لە عێراقی تازەدا دەکەوێتەوە و کارێواشدەکا بیرلەوەکەینەوە کە ڕەنگە هەر ئەم لایەنەش مانای زۆری بۆئەوە هەبێ کە خەلکی باشوور و ناوەڕاستی عێراق یەکسەر ئاوا لەماوەی یەك دوو هەفتە , و بە چوونەناو جۆرە تەماشاکردن و تێگەیشتنێ سیاسی

تەواو جیاواز لەوی لەماوەی 35 سالی ڕابردوو لەسەری ڕاهاتوون , نەتوانن ببن بەهەوێن بۆ سیاسەتکردنێ نوێ و بە ئەندازیارێ سیاسی هاوچەرخیشەوە نەکارین کار بۆ دامەزراندنی عێراقێ سەرلەبەر جیاواز لەوی پێش 19/04/2003 بکەن . کەواتە ئامادەنەبوونی تێگەیشتنێ گونجا و کۆنکرێت لەسەر مەسەلەی پێکەوە ژیان لەئێستادا بۆ هەمووان ڕوونە کە کارێ ئاسان نییە و کات و کارکردنێ زۆر و جۆراوجۆر دەوێ. ئێمە هەموو سەرەتا و ناوەڕاستی سالانی نەوەتەکانی کوردستانمان دێتەوە یاد کە جارێ ڕێکخراوە نێودەولەتیەکان بەتەواوەتی دەست بەکارنەبووبون و هەروەها لەڕووی نێودەولەتیشەوە کورد ئەو پشتەی پێنەدەبەسترا و هەروەها کوردستانیش یان ئیدارەی سیاسی کوردیش بەخۆی دەرامەتێ دیاریکراویان نەبوو ,هەروەها ویستی سیاسی و خۆ پەرستی سیاسیشیان لەولاوە بوەستێ کە هەر بریتیی بوو لە پیرۆزکردنی ناوی حیزبی و ڕەنگی ئالای حیزبیان بۆیە بۆ گەلێ لە باشوور و لە ناوەڕاستی عێراق نەك یەکیەتێ فیدرالی پێویستێ سیاسی ئەمڕۆ نییە و تاکە چارەسەرێکیش نییە لەبەردەم ولاتێ فرە نەتەوە و مەزهەبزای وەك عێراق بەلکو ملیۆنەها جارێ خەیالیان لای ئەوەیە کە تارمایی دیکتاتۆر لێرەوە و لەوێ هەر لە دەردەکەوتندایە و هەقایەتەکانی ئەشکەنجە و زیندەبەچالکردن لە گوێیان دەزرینگێتەوە و ئەمەو نەهەماتی و هەژاری و نەبوونی لەولاوە بوەستێ کە دوا دکمتاتۆری ژیانیانە تادەگاتە ئەو تراژیدیا و خورپە و مالوێرانیەی لە ئاکامی دوا جەنگ ,کە عێراق پێیتێپەڕا , دووچاریان بووە. بۆیە ڕەنگە لەئەم ئێستادا ئەوان(واتە خەلکی باشوور و ناوەڕاستی عێراق) لە دووری و ناوەڕۆك و ماهیەتی ئەو پرۆژە سیاسییە ئامادەکراو و حازرانە, کە ئەمەریکا و چەند سیاسیێ هەندەرانی بۆیانیان ئامادەکردووە, هەرچەند ڕاست و دروستیش بن نەگەن و هەروەها لەم چرکە پڕ لە ئاشووب و پەشێویەی ئەورۆشدا ئەوان ناشگەنە ئەو دیدەی لەوەبگەن کە یەکیەتی فیدرالی ئەزموونێ سیاسی نوێیە و پێویستی بە ڕوناکبیرێ سیاسی جیا لەو ڕوناکبیریە سیاسیە شۆفێنی و سەربازیەی لەنێو خەلك بۆ 35 سال چاندراوە و, تەنانەت ئەو سەرمایە سیاسی و ئاگاییە ئایدیۆلۆژیەی ئەوانیش هەلگرین لەتەك ئەم مۆدێلە سیاسیە تازەیە ڕێناکا و بگرە ئەوان ئەو هۆشمەندییە سیاسی و کۆمەلایەتیەشیان نییە کە نەك تەنێ ئەوان بەم ئەزموونە سیاسییە تازەیە نامۆن بەلکو خودی ناوچەکەشیان, جیهانی عەرەبی – ئیسلامی یان بەمانا فراوانەکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست, پێیئاشنا نییە. بێمانا نییە بۆ ماناداركردنی ئەوی ووتمان ئەوە بەنموونە بهێنینیەوە کە کاتێ یەکێ لەوانەی تالانی داموودەزگاکانی ڕژێمی فاشی بەعسیان لە بەغدا دەکرد لەوەلامی کەسێ تر کە پێ دەلێ ئێوە بۆ تالانی ئەم داموودەزگایانە دەکەن کە ئەوە مولکی گەلە نەك حوکمەت کەچی کابرای تالانکەر کە خەلکی ناوچەی مەدینەی سەورە (کە ناوی مەدینەی سەدامی لێنراوە) بوو ووتی ئەوە هەندێ کۆکوکۆلایە کە لەو دەزگا حکومیە هێناومە کە وا تەمەنم بۆ بیست سال دەچێ تامنەکردووە. ئەمە بەباشی ئەو تراژیدیا سیاسی و مرۆییەی کە خەلکی عێراق, خەلکی بەناو دووەم ولاتی نەوتی گەورەی جیهان پاش عەرەبستانی سعودی, لەماوەی 35 سالی ڕابردوو لە ژێر سایەی ڕژێمێ بکوژ تیایژیاوە بەووردی ڕووندەکاتەوە. بۆیە دەکرێ بپرسین ئەم هاولاتیە, کە لە ولاتی هەزار و یەك شەوە لە وێنەی زۆر زۆرە کە لە هەموو تەمەنیدا تامی کۆکەکۆلای نەکردووە , تۆ بلێی لە ئێستادا بکارێ لە ڕەهەند و گرنگی ئەو فۆرمە سیاسیانە بە باشی بگا کە چەند کەس و شوێن و ولاتێ نیازخوازن بۆی دارێژن؟. پێدەچێ قەساوەت و نابەلەدیەکانی ژیان ئەوەی فێرکردبێتین لەم حالەتانەدا بلێین کە ئەم کەسە پێوانە نییە بۆ دیاردەکان و ناشکرێ ئەوندە ئایندەی دیاردە و ڕووداوەکان بچووککرێتەوە تا ئەم مەسەلەیە ببێ بە ڕێگرێ بۆ هەلوەشانەوەی بەرنامە و یاریەکان.

لێرەدا ئێمە نامانەوێ گرنگی کارکردن بۆ دارشتنی فۆرمی سیاسی و ئابووری ئەو پێکەوە ژیانەی نەتەوە و مەزهەبە جیاجیاکان ,کە وا ماوەیەکە بووە بە شوێنی باس , بەتالکەین بەلام ناشکرێ باس لەو مەترسی و گرفتانەکەین کە دەبن بە ڕێگر و ئەو تەگەرانە یادنەخرێنەوە کە دەشێ لەبەردەم پرۆسەی نەشونما و بەرەوپێشەوەچوونی ئەو یەکیەتیە سیاسی و ئابووریە دروستبێ. کە ئێمە بەبێ ڕاڕایی لە دوو برگەی داهاتوودا کار بۆ ڕاڤەکردنی ئەو لایەنانە دەکەین کە شایانی ئاوڕدانەوەن لەکاتی باس هێنانە سەر یەکیەتی فیدرالی لە ولاتێ وەك عێراق کە ڕژێمە سیاسیەکەی سوودی لە گشت ستراتیژێ سیاسی و شێوازێ لە بەرهەمهێنان وەرگرتووە تا مۆدێلێ سیاسی و ئابووری تێکەلاو دروستکا.

### تەوەرەی سێهەم: نەتەوە و مەزهەب و گونجانی لەناو یەکیەتێ فیدرالی

کەم کەس لە ئێمە ئەو ڕاستییە نەزانێ کە ناسنامەی ئیتنی و ئاینی لە عێراق جۆراوجۆرە و ئەم جۆراوجۆریەش لەژێر سایەی ڕژێمێ سیاسی زۆردار و ستەمگەرا تاکجۆر و هاوشێوەکراوە کە ئەوەش زیانێ زۆری لەو ناسنامە ئیتنی و ئاینییانەداوە هەروەها ئەو ناسنامانە لەبەرئەوەی لەژێر سایەی سێستەمێ سیاسی نادیموکراسی و دیسپۆتیستی(ئیستیبدادی) ژیانی بەسەر بردووە ناتوانێ ئاوا زوو و بەئاسانی لە واتای جۆراوجۆری بگا و بتوانێ لەم جۆراوجۆریە ژینگەی سیاسی پێکبهێنێ کە مافی گشت کەسێ تیایا پارێزرابێ. پاشان لەبەرئەوەی ئەو

جیاوازییە ئیتنیە ڕژێمێ سیاسی وەك بەعس بەهەموو جۆرێ شێواندوویەتی هەروەها بۆ دروستکردنی دوژمنایەتی لەنێو ئیتن و مەزهەبە جیاکانیش بەکاریبردووە بۆیە لەئەمڕۆدا شیاویی لەئارادایە بۆئەوەی ئەگەر هەریەکە بیەوێ بەجۆرێ توونددەڕ و ناشارستانی باس لە بوونی ناسنامەی ئیتنی یان مەزهەبی خۆی بکا. بەدلنیایشەوە ئەوانە کێشە لەبەردەم پرۆسەی پێکەوە ژیان و یان جیابوونەوە لەیەکتر دروستدەکا.

بائەوەشمان لەبیرنەچێ کە مەزهەبە ئاینیەکان بەتایبەت شیعە گەلێ ڕابەری هەیە و گەلێ سەرچاوەی سیاسیشی لێبوەتەوە کە هەموو ئەوانە باس لەوەدەکەن کە شیعەگەرەکان هەموویان بۆچوونیان وەك یەك نییە و دواتر ئینتمای ئاینی ئەمان سەرووی ئینتیمای نەتەوەییانە و هەروەها بگرە تایفەی شیعە لە عێراق خاوەنی هەمان دیدی سیاسی و مەزهەبیش نین. بۆیە ئەم لایەنانە وامانلێدەکەن باس لەوەبکەین کە پێکەوە ژیان لە چوارچێوەی یەکیەتێ فیدرالی لە ولاتێ وەك عێراق و لە ناوچەێ وەك ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەبەردەم گرفت و ئالۆزکاریێ گەورەدایە. چونکە لەلایێ ئەم ئەزموونە بۆ ولاتێ وەك عێراق سەختە ئاوا بەئاسانی و لە دۆزێ سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی وەك ئێستا بێتەدی و لەلایێ تر خودی تێگەیشتنی سیاسی خەلکی ناوچەکە و بەتایبەت ولاتی عێراق لە ئاستێ ئەوتۆ نییە کە ئەو پێشوازییە لە پرۆژەی یەکیەتی فیدرالی بکا.پاشان خودی ئەوەی پێیدەلێن یەکیەتی فیدرالی لە ئاگای سیاسی خەلکی عێراق و دواتر ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وەك دیاریێ سیاسی ئەمەریکی تەماشادەکرێ و بۆ زۆربەی نەتەوە سەردەست و حکومەتە سیاسیەکانی ئەو ناوچەیە داهێنانێ سیاسی ئەمەریکی یە و سەرەتایەکیشە بۆ دابەشکردنی سیاسی و ئابووریانەی ناوچەکە و پارچەپارچەکردنی خاکی عەرەبی-ئیسلامی. ئەمەش تاڕادەێ ڕێی تێدەچێ چونکە باری سیاسی و ئابووری جیهان لەگەل هاتنی شەپۆلی جیهانگیری بە چەندین نەخشەی سیاسی و ئابووری نوێوە خۆی کردووە بە ناو ژیانی کۆمەلایەتی و کولتووری جیهانەوە. دواتر نابێ ئەوەشمان لەبیرچێ لەوجۆرە ناوچانەی نیازە ببێ بە بناغەێ بۆ پڕاکتیزەکردنی ئەو جۆرە پرۆژە سیاسیانە (وەك یەکیەتی فیدرالی) دەبینین ڕقێ گەورە بەرامبەر بە بەرهەمهێنەرانی ئەو پرۆژە سیاسیانە ,ئەمەریکا بە تایبەت و بەگشتی شارستانی ڕۆژئاوا ئامادەیە , و ڕۆژانەش ئەم ڕقە تەگەرە دەخاتە بەردەم هەچ پێشنیار و تازەگەریێ سیاسی کە ئەمەریکا یان ڕۆژئاوا لە پشتیەوە بێ. چونکە, لەلایەك ڕەفتاری دوانەی سیاسی ئەمەریکا و ولاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا لەگەل ڕژێمەکانی ولاتانی وەك عێراق و باقی ولاتانی تری جیهانی عەرەبی-ئیسلامی وێنەێ ناشرینی لە زەینی خەلك دروستکردووە و هەمیشە ئەم وێنانە توانای ئەوەشی هەیە ناحەزێ زۆر بەرهەمبهێنێ و, لەلایێ تریش وازنەهێنانی ئەمەریکا و ولاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا لە داوا سیاسیە پڕاگماتیەکانیان و بەرژەوەندیە ئابووریەکانیان هۆکاریێ گەورەیە لەبەردەم دروستبوون و بەردەوامبوونی ناجێگیریی و نادلنیایی لە ناوچەی جیهانی عەرەبی – ئیسلامی.

لەبەرئەوەی کەم کەس هەیە لە جیهانی عەرەبی – ئیسلامی لەوە بێ ئاگا نەبێ کە چۆن ئەمەریکا یان ولاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بەپێی ئارەزووی سیاسی و لە چوارچێوەی بەرژەوەندی خۆیان پشتگیری لە ڕژێمە سیاسیە سەرکوتکەرەکانی جیهانی عەرەبی - ئیسلامی دەکەن و چەند لە پێوەندیان لەگەل ئەو ڕژێمانە پێوەندیەکانیان لەسەر بناغەی بازرگانی بەتینکردووە و ئەو بازرگانیەش کارێ وادەکا لە ستەم و دڕندەیی ئەو ڕژێمانە نەکۆلنەوە و ئەوەندە بایەخ بە ژیانی کۆمەلایەتی و کولتووری خەلك نەدەن. بەلام کاتێ کە کێشەێ سیاسی دێتە پێشێ یان ئایندەی بازرگانی و بەگشتی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووریەکانیان دووچاری کێشە دەبێ ئەوکات دەست دەکەن بە قسەکردن لە ڕاستیەکان و ڕوونکردنەوەی ناتەبایەکان و جەغتکردنیان لە وەك نەبوونی مافی مرۆڤ و ستەم و زۆرداری لە فلانە و بوونی نادادپەروەری ئابووری کۆمەلایەتی و نایەکسانی ئیتنی و مەزهەبی لە فیسکانە ولات. ئەم هەستانە هەمیشە لەنێو خەلکی سادە و ئاسای هەمووەختێ بلاوە و بوارێکیشە بۆ بەرهەمهێنانی ناڕەزای کە دواتر ئەو ناڕەزاییانە لەپشت دروستبوونی گرووپ و تاقمی سیاسی و سەربازی جۆراوجۆرەوە دەبێ کە ناوی وەك تیرۆریستی لێدەنرێ. بەلام لەسەر ئاستی دەولەت و ڕژێمە سیاسیەکان شتێ جیاوازترە. چونکە ڕژێمەکان ,کە پتر لە یاریەکانی ئەمەریکا و ولاتانی ئەوروپای ڕۆژئاواوە نزدیکن , کاتێ کە تەگەرە دەخەنە بەردەم داوا سیاسی و بەرژەوەندیە ئابووریەکانی ئەو ولاتانەی ناومان هێنا ئەوکات ئەو ڕژێمانە ,کە بەخۆیان لەگەلێ ڕووەوە بەرهەمی سیخوری سیاسی و سەربازی ولاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکین, بە دیکتاتۆر و نادیموکراسی لەقەلەمدەدرێن. لەم حالەتانەدا کێشەکە ئەوەیە کە ئەو ولاتانەی نێوەندی مافی مرۆڤ و دیموکراسین کاتێ پشتگیری لە مانەوە و بەردەوامی ڕژێمە سیاسیە دیسپۆتیستیەکان دەکەن بەمە دوژمنێ زۆر لەو کۆمەلگەیانە دروستدەکەن کە بووە بە شوێنگەی ستەم و زۆرداریێ زۆر.

کەواتە لێرەوە دێینە سەر ئەو لایەنەی کە یارمەتیمان دەدا قسەکردن بهێنینە پێشەوە لەسەر پرۆژەی بیرکردنەوە لە ڕیالیزەکردنی یەکیەتێ فیدرالی بۆ عێراقی پاش جەنگ .گەر تەماشای نەخشەی سیاسی ولاتی عێراق لەپاش داکەوتنی پەیکەری دیکاتۆر بکەین لەگشت کاتێ زیاتر ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە نەخشەی سیاسی ئەم ولاتە چەند ئالۆز و جۆراوجۆرە. چونکە لەم ولاتەدا نەتەوە دابەش دوو مەزهەبی ئاینی گەورەبووە کە بەشە گەورەکەی شیعەیە(لە 60٪ کەمتر نییە ڕێژەکەی) و ئەوی تر سونەیە.هەروەها مێژووی سیاسی ئەم ولاتە ئەوەشمان یاددەخاتەوە کە ئاگای مەزهەبی هەمیشە توانیوویەتی سەرووی ئاگایی نەتەوەی کارکا بەلام دیسپۆتیستی سیاسی

www.kurdistannet.org 10-7-2003



لەم ولاتە ڕێگای بەکارکرن و نەشونمای ئەم ئاگاییە نەداوە(واتە ئاگایی مەزهەبی).لەبارودۆخێ ئاوا سیاسی پەشێو و کراوەش,کە حکومەتێ مەرکەزی بوونی نییە, ئاگایی مەزهەبی, بەکارکردنێ مونەزەم و لەژێر کاریگەری یارمەتی دەرەکی و ڕەوشی ناوچەکە و جیهان ,دەتوانێ ئەو بارودۆخە نائاساییە بۆخۆی بقۆزێتەوە و داوای سیاسی خۆی بسەپێنێ. بەلێ فاکتەری یارمەتی دەرەکی بۆ بەخێوکردنی ئەو داوا سیاسیە و ئەمەو بارودۆخی ناوچەکە و جیهانیش تاڕادەێ لەئەم ئێستادا بکەرێ گەورەن بۆ پەرەدان بەم خواستە سیاسیە گەر نخوازرێ لەلایەن هەنێ لایەنەوە کارێ توونـد و بەردەوام بۆ بەئاکامگەیاندنی ئەو داوایە بکرێ. مەبەستیشمان لە بارودۆخی ناوچەی و جیهانی ئەوەیە کە ئیسلام ماوەیەکە خۆی وادەردەخا شوێنی گەلێ شەپۆل و تەوژمی نەتەوەی و سەرووی نەتەوەی لە جیهانی عەرەبی-ئیسلامی گرتۆتەوە و ئێستاش تەمانی حکومەتی مەرکەزی لە عێراق و هەروەها نەمانی ئەو دەسەلاتە سیاسیەی کە گەورەترین دوژمنی زۆرینەی شیعەبووە لە عێراق جۆرە بوارێکی بۆ نەشونمای ئاگایی سیاسی شیعەگەری کردۆتەوە کە ڕەنگە لەگەل شەپۆلی ئیسلامگەری لە ناوچەکە و لە جیهان یەکبگرێتەوە و هەوێنێ بێ بۆ دروستکردنی زنجیرەێ یەگرتنەوەی سیاسیانە لەنێو بەشە پەرت و بلاوەکانی مەزهەبی شیعە لێرە و لەوێ لە ناوچەکە.بەلام حالی حازر کێشەکە لەوەدایە کە دەستگرتن بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان لە مشت ئەو هێزەیە کە دەسەلاتی سیاسی بەغدای سەروژێرکرد. چونکە ئەوی ڕژێمی سیاسی عێراقی داڕمان کودەتاێ سەربازی یان ئینتفازەێ گەلی نەبووە بەلکو هێزێ گەورەی سەربازی زانیاری و سیاسی و ئابووری زانیاری جیهانی بووە کە ئەویش ئامانج و خواستی ئابووری و سیاسی لەناوچەکە هەیە . ئەلبەتە ئەم هێزە گەورەیە ئەوە دەزانێ کە ڕۆژانە ناحەزیێ زۆر لەدژی لەو ناوچەنەی ئاگایی مەزهەبی شوێنی ئاگایی نەتەوەی گرتۆتەوە لە پەرەسەندنێ بێ ووچاندایە. بەلام ئەم هێزە پێناچێ ئامادەبێ ڕێگا بو دروستبوونی ئەو جۆرە دەسەلاتە سیاسیانە خۆشکا و هەچ ڕێکەوتێکیش بەشداری لەهێنانە سەر دەسەلاتی ئەو جۆرە دەسەلاتە ئاینییە سیاسیانە بکا ڕەنگە پێچەوانەکەی بە پەسەندتر بزانێ کە ئەوەش دروستکردنی ڕژێمێ سەربازی مەرکەزییە بەهیوای بنەبڕکردنی خەونی ئەو جۆرە دەسەلاتە سیاسیانە و تەنانەت لەباربردنی دیاردەی فرەگەری(پلوڕالیزم) سیاسیش تاوەکو ئەو دەسەلاتە ئاینیە سیاسیانە توانای خۆدیموکراتیزەکردن و فرەگەرکردنی خۆیانیان نەبێ. ترسی ڕۆژئاواش لە هێزە ئیسلامیە سیاسیەکان بۆ کەلك وەرگرتن لە مۆدێلی سیاسی ڕۆژئاوا و دواتر بەکاربردنی لە فۆڕمی سیاسی تر بۆ بەربەرەکانێکردنی مۆدێلی سیاسی ڕۆژئاوای شتێ زۆر کۆن نییە و لە دوای 11 ی سێپتەمبەرە و پتر لە گەشەکردندایە. بەدلنیایشەوە ئەزموونی سیاسی ولاتێ وەك ئەمەریکا ناشێ بەهەمان چاوێلکەی سالانی سەردەمی جەنگی سارد و سەرەتای دیاردەی جیهانگیری سیاسی و ئابووری , واتە سەرەتای هەشتاکان , تەماشاکرێ.ئێمە مەبەستمان ئەوەیە کە بلێین سیاسەتی دەرەکی تاکە زلهێزی ئابووری و سەربازی زانیاری جیهانی لەئەمڕۆدا لە ئاستێ بالایە و ئەم تاکە زلهێزە ئەزموونێ تایبەتی لە پەیداکردنی نێچر سیاسی و دۆزینەوەی بازاڕ و داڕشتنی فۆڕمی سیاسی نوێ یان ڕێکخستنی پێوەندی سیاسی هەیە و لەهەمانکاتدا ئەم تاکە زلهێزە لەچاو جاران زۆر بەئاسانی دەتوانێ ئەو فۆڕمە سیاسیانەی دایدەڕێژێ لەسەر ئاستی دامەزراوە نێودەولەتیەکان بەیاسای و بەڕەواییکا.بەلام لەم حالەتەدا نابێ ئەوەش لەیادکەین کە ناحەزی ئەمەریکا بەرامبەر بە دەسەلات کەوتنە دەستی شیعەکان تاکلا نییە و سونەکان لەپێش هەمموشیانەوە کوردەکان , کە ئاگایی سیاسی نەتەوەییان سەرووی ئاگایی سیاسی مەزهەبیانە, هەمان تێگەیشتنیان لەوبارەیەوە هەیە.

سەرباری ئەوی لەسەرەوە ووتمان ئەوەش بەرباسدەخەین کە لەوە سەیرتر ڕەنگە هەستی هەمیشە کەوتنە دەرەوەی دەستەبژێری شیعە لە بازنەی دەسەلاتی سیاسی لە عێراق بۆ سەدەها سال فاکتەرێ ناوخۆی تربێ لەبەردەم شیعەخوازەکانی عێراق بۆ بیرکردنەوە لە دەستگرتن بەسەر دەسەلات لە بەغدا.بەتایبەت هەمیشە دەسەلات لە بەغدا بەدەست سونەوە بووە ,کە خودی سونە لە عێراق لە چەند نەتەوەیەك پێکدێ(کورد, توورکمان و عەرەب). ئەم لایەنەش لەژیانی سیاسی عێراق هەموو وەختێ لایەنێ زۆر ڕاڕائامێزبووە و هەمیشە بووە بەمایەی ناحەزی و سەرچاوەی ڕق لەو دەستەبژێرە سونە عەرەبەی کە زۆرینە شیعەکە و نەتەوە سونەکانی تریشی چەوساندوەتەوە. ئەمەو جگەلەو ناڕەوایەی بەدرێژای مێژووی دەسەلاتی سیاسی سونە دەرهەق بە مەسیحی و جوو و باقی تایفە و مەزهەبەکانیتر مومارەسەکراوە. بەلام ئەمەریکایەکان و هاوپەیمانانیان یان بابلێین لیژنەی جەنگ بەهیچ جۆرێ بەوە قایلنین شیعەکان لە بەغدا دەسەلات بکەوێتە دەستیان.کە ئەمە یەکێکە لە ترسە سیاسیەکانیان بەلام ڕەنگە لە ئاستێ سیاسی ددیاریکراو ڕێ بەوەبدەن لە چوارچێوەی یەکیەتێ فیدرالی هەرێمێ بە دەسەلاتی شیعەکان تایبەتکەن. بەدلنیایشەوە ئەو هەرێمە سیاسیەی شیعەکان لەچوارچێوەی سیاسی ئەو یەکیەتیە دەیانبێ ستاتۆسی(کیان) خۆی دەبێ کە ئەم ستاتۆسەش بەپێی ستراتیژی ئەمەریکایەکان دەبێ بەو فرەگەرییە سیاسیەوە وابەستە بێ کە ئەمەریکایەکان لەسنووری ئەو یەکیەتیە فیدرالییە دابینیدەکەن.ئاشکرایشە فرەگەری سیاسی بەواتا ئەمەریکایەکەی کە بەخۆی فەلسەفەێ سیاسی سەرمایەداری لە پشتەوەیە بەمانای ئاوڕدانەوە و بایەخگەڕانەوە دێ بۆ ئەوەی پێیدەلێن هاولاتی.کەواتە کاتێ شیعەکانی وەك دەستەێ سیاسی دەبن بە بەشێ لە دەسەلات لە عێراقی تازە دەبێ کار بۆ ئەم فەلسەفە سیاسیە بکەن کە ڕەنگە لەگەل سێرکردنی مەرجەعە ئاینیەکانی شیعە یەك نەگرێتەوە.چونکە

بوونیادی سیاسی و فیقهی شیعه لەم حالەتەدا هیچ بایەخێ بۆ هاولاتی یان تاك دانانێ و ئەوی ئەم(واتە شیعە سیاسیەکان) کاری بۆدەکا ئەوەیە کە هەموو لە عێراق برای یەکن ئەوەش بەپێی پێوانەی ئەوەی کە هەموو موسلمانین. کەواتە بەموسلمانبوون خالی یەگرتنەوەیە لەنێو کەس و تایفە و نەتەوە جیاکان. ئەمە نەك هەر یەك ناگرێتەوە لەگەل فرەگەری سیاسی و فەلسەفەی سیاسی پۆست مۆدێرنی ئەمەریکایەکان بەلکو یەك ناگرێتەوە لەگەل مافی هیچ تاکەکەسێ غەیرە ئیسلامیش.ئەمەو بوون بەبەشێ لەدەسەلات لە عێراق لەسەر بناغەی تایفە و عەشیرەت هەموو کاتێ لەناکۆکی دەبێ لەتەك ئەو پرنسیپە تازانەی فەلسەفەی بازاڕی نوێ بۆیدەژی. لەبەرئەوەی ڕیشالی تێگەیشتنی سیاسی تیرەگەری و تایفەگەریی لەگەل ئەو فرەگەرییە سیاسییە یەکناگرێتەوە کە بوونیادێ ئابووری پەرەسەندووی هەیە و لەسەر پرنسیپەکانی دیموکراسیەتی ڕۆژئاوایی دامەزراوە. ئەوەش کە فرەگەری سیاسی ناتوانێ لەگەل گشت سێستەمە سیاسی و ئابووریەکان ڕێکا تەنیا بە ولاتێ وەك عێراقەوە تایبەت نییە بۆنموونە ئاشووب و قەیرانێ زۆر هاتەکایەوە کاتێ فرەگەریی سیاسیی گەیشتە کۆمەلگەکانی پۆست کۆمەنیزم .سەرەتا ئەوی لە ولاتانی بلۆکی سۆسیالیستی پێشوو ڕوویدا پاش داکەوتنی دەسەلاتی سیاسی کۆمۆنیزم پێوەندی تەنیا بە ئاسەوارەکانی ئەو دەسەلاتەوە نەبوو کە نەیدەتوانی لەتەك فرەگەریی سیاسی بڕواتەڕێوە بەلکو بەوەشەوە هەبوو کە فرەگەری سیاسی ئابوورێ تایبەت بەخۆی و هاولاتیێ بەئابووریکراویدەوێ کە لەگەل پرنسیپەکانی بازاڕی تازەی سەرمایەداری ڕێکا. بۆیە ئەو فرەگەرییە لەوێڕا و لەسەر سەرخانی ئابوورێ لەپاش و سیستەمێ سیاسی دیسپۆتیستی و کۆمەلگەێ بەپۆلیسیکراو بووە مایەی سەرهەلدانی فرەگەرێ سیاسی ئەنارکیستی(فەوزەوی) و دەرکەوتنی ئابووری دامەزراو لەسەر بناغەێ مافیای و کریمینالی(ئیجرامی). لەحالەتی وادا بێکاری و بێ مالی و دەستکورتێ بەردەوام و هەول بۆ هاتنەدەرەوە لە ولات و گەشەی تاقمی مافیای لەناو دامەزراوە گشتی و تایبەتەکانی دەولەت و سنووردداربوونی دادپەروەری ئابووری و یەکسانی کۆمەلایەتی و پیسکردنی ژینگە و پەیدابوونی بازاڕ بۆ فرۆشتنی منال و ئافرەت بوو بە ڕووخسارەکانی ئەو سێستەمە سیاسیە فرەگەرییە. هەرچەندە پاشان تێپەڕبوونی پتر لە 14 سالێ گۆڕانێ لە کۆمەلگەکانی پۆست کۆمۆنیزم هاتەکایەوە بەلام بەجۆرێ قەسری و بێڕەحمانە ئەو گۆڕانانەهاتەکایەوە و , تەوژمی ئەو فرەگەرییە سیاسی و ئابوورییە سەرووی سەرمایەدارییەی ڕۆژئاوا توانی لە کۆمەلگەکانی پاش کۆمەنیزم شوێنێ بۆخۆی پەیدا بکا و ڕێگاێ لە کۆمەلکە بۆ وەبەرهێنانەوەی خۆی بدۆزێتەوە .ئەمەش لەکاتێ هاتە دی کە چ دەسەلاتی سیاسی لەو کۆمەلگانە ئامادەی تیادەرکەوت کە لەتەك ئەو تەوژمە ڕێکا و لەلاێ تریش بەرژەوەندیشی لەگەل ئەو تەوژمە سیاسی و ئابوورییە نێودەولەتییە هەیە کە ئەوڕۆ دەخوازێ لەگشت شوێنێ لە جیهان جێ بۆ خۆی بدۆزێتەوە. ئەمە و خەلکی ئەو ولاتانەش بەخۆیان ئەو ئامادەییەیان تێدایە کە لەتەك ئەم جۆرە تەوژمانە بڕۆن و خۆ بگومجێنن .بەلام لەشوێنێ وەك عێراقی پاش بەعس ڕەگە کەمووکوڕی و کێشەکان لەئاستی تر و لە فۆڕمی تر خۆیان دەرخەن کە ترسناکترینیان باوبوونی دیاردەی ئیسلامییە لەنێو ئەو چەند ملیۆنە بەعسی و سەربازە پلەگەورە و ناسیۆنالییە عەرەبانەی هیوایێ زۆریان خستبووە سەر هەقایەتەکانی دیکتاتۆرەکەی بەغدا. ئەمەو برسیەتی گەلێ تایفە و عەشیرە و گرووپی ئاینی بۆ بوون بە بەشێ لە دەسەلات و بەهەلەبەکاربردنی ئەم دەسەلاتە و هەروەها بەکاربردنی ئەم دەسەلاتە بۆ تۆلەکردنەوە لە فلانە گرووپی مەزهەب یان تیرە و نەتەوە بەشێکن لەو ئاستەنگ و تەگەرانەی لەبەردەم دروستکردنی سێستەمێ سیاسی فیدرالی بوونیادنراو لەسەر فرەگەریێ سەرمایەداری ڕۆژئاوایی شیاوە بێتەکایەوە. بۆیشە دەلێین سەرمایەداری ڕۆژئاوایی چونکە ئەو شێوازە سیاسیەی لە بەڕێوەبردن بەپێی ئەو ڕێکەوتنە سیاسیە بێ کە ئەمەریکیەکان لەگەل هەندێ لایەنی سیاسی پێیگەیشتوون سەرچاوە لە فۆڕمی بەڕێوەبردنی ئیدارەی سیاسی لیبرالییەوە هەلدەگرێ کە ئەمەش بۆ ئێستای عێراق زۆرە.

## تەوەرەی چوارەم: ئاگایی سیاسی لەبارەی یەکیەتی فیدرالی لە کوردستان

ئاگای سیاسی لەنێو کوردان سەبارەت بە دروستکردنی یەکیەتیێ فیدرالی لە عێراق تابلێی زۆر بەرزترە وەك لە هەچ شوێنێ تر لە سەرانسەری عێراق.هەروەها ئەو پەروەردە سیاسیەی لە کوردستان لەگەڕدایە پتر هەوێنی ئەو جۆرە ئاگاییە سیاسیانەیە وەك لە باشوور یان ناوەڕاستی عێراق و هەروەها دروستکردنی ئەم یەکیەتیە فیدرالیەش لە کوردستان بەبەراوورد بە ناوچەکانی تری عێراق ویستێ سیاسی جەماوەریشی لەپشتەوەیە. واتە تەنیا دەسەلاتی سیاسی ئەندازیاری سیاسی ئەم ئاگاییە نییە بەلکو بەرهەمی خودی تێگەیشتن و دیدی سیاسی کەسی کوردیشە کە ئەم کەسە کوردە کەمتر لە سیاسەتمەدارانی خۆی لە ڕەچەلەکی کێشەی کورد تێناگا. بەلام لە ناوچەکانی تری عێراق ئەم ئاگایە نە ئامادەیە و نەش ئەو پەروەردە سیاسیەی بەلای کەمەوە لەماوەی ئەم 35 سالەی دوایی کاریکردووە یارمەتیدەرە کە ئاگایێ سیاسی لەم جۆرە بتوانێ ببێ بە ویستێ جەماوەری. ئەوەش کە کار بۆ گۆڕینی پەروەردەی سیاسی لە دەرەوەی کوردستان واتە لەناوچەکانی تری عێراق بکرێ ئەمە تەنیا ئەرکی

www.kurdistannet.org 10-7-2003



کوردەکان نییە و توانای سیاسی و ئابووری ئەوانیش ئەوەندە لەبار نییە کە ئیش بۆ ئامانج و خواستێ سیاسی ئاوا حەساس بکەن بەلکو ئیشکردنێ ناوچەیی و نێودەولەتی دەوێ کە ئەوەش بە سەدەها فاکتەر و هۆکارەوە بەستراوەتە کە سەرچاوە لە پێوەندییە سیاسی و ئابووری و بەرژەوەندییە ستراتیژیەکانەوە هەلدەگرێ.

بۆزێتر ڕاڤەکردنی ئەم برگەیە لەپێش گشت شتێك ئەوە بیردەخەینەوە کە کەس و دەسەلاتی سیاسی کورد دەبێ بە باشی لەو تێزە بگەن کە واتای یەکیەتی فیدرالی بۆ عێراق مانای ئەوەیە کە کورد دەبێ واز لە ئینتمای نەتەوەیی خۆی بەرامبەر بە سەرکەوتنی ئەو یەکیەتیە بهێنێ. بەلام خودی یەکیەتیەکەش بێ ئایندە دەبێ و مەترسی هەلوەشانەوەی لێدەکرێ گەر هاتنە ناوەوەی کورد بۆ ناو یەکیەتیەکە بە هەل بزانرێ بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەی کورد. ئەو ترسەش لە مەسەلەی توانەوە لە چوارچێوەی حکومەتێ مەرکەزی لە ئاگایی سیاسی کەس و دەسەلاتی کوردی هەمیشە ئامادەبووە و بەپێی گشت گریمانە سیاسیەکان تەنیا بە دروستبوونی یەکیەتیێ فیدرالی بوونیادنراو لەسەر بناغەی پاراستنی مافی هاولاتیەتی گشت تایفە و مەزهەب و نەتەوە جیاکانی ناو یەکیەتیەکە شیاوە بیرلەوەکرێتەوە ئەو ترسە لای کورد بێ ماناکرێ. مافی هاولاتیەتیش لە چوارچێوەی یەکیەتیەکی فیدرالی ,و بەتایبەت لە شوێنێ وەك ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست,کە لە وێنەی نییە, و لە ولاتێ وەك عێراق ,کە بونیادێ سیاسی زەببوزەنگاوی هەیە, تەنیا لەژێرسایەی دادپەروەریێ ئابووری و یەکیەتیێ کۆمەلایەتی دێتەدی. ئەمە لەلایەك بەلام لەلایەکی تر خودی گریمانی یەکیەتی فیدرالی وەك فۆڕمێ سیاسی هاوبەش لە عێراق لەنێو سیاسیانی کورد گەلێ کێشەی تری دێتەڕێ کە لایخوارەوە بەشێوەێ کورت بەسەریدەکەینەوە.گەر تەماشای تێگەیشتنی سیاسی سیاسەتمەدارانی کورد لەبارەی یەکیەتی فیدرالی بکەین , واتە لەبارەی چوونە ناو یەکیەتیەکی فیدرالی لەتەك تێکرای نەتەوە و تیرە و مەزهەبەکانی تر لە ولاتی عێراق , دەبینین ئەم تێگەیشتنە لەسەر ئاستی سیاسی لەناو سیاسەتمەداران زۆر بەرجەستەنەبووە و نەش کراوە بە ویستێ سیاسی بنبڕ و ئەمەش کارێ وایکردووە کە لەناو خەلکیش نەبێ بە ویستێ سیاسی و بناغەێ جەماوەریشی نەبێ. بەکورتی لەڕووی سیاسیەوە داوای یەکیەتی فیدرالی باو و بەگشتینەکراوە. سیاسیەکانی کورد و ئەلبەتە کەسی کوردیش (کە پێمانوایە بۆلەمەولا سیاسی کورد ناتوانێ و بۆیناچێتە سەر لەم پایتەخت و لەو پایتەخت بەرنامەی سیاسی لەگەل خۆی بۆمالەوە بهێنێ و بەسەر ئەو کەسە کوردەی بسپێنێ و گوێ لە ویست و داوا سیاسیەکانی نەگرێ) هەردوو دەبێ بە باشی لە ڕەچەلەکی خواست و داوا سیاسیەکانیان بگەن و لەوە دلنیابن کە کوردستان لە ئێستادا دوو ڕێگای لەبەردەمدایە. یەکێکیان بوون بە بەشێ لە عێراق و ئەویتر ڕێگای جیابوونەوەیە لەم عێراقە. پێش ئەوەی بێینە سەر ڕوونکردنەوەی خەوش و باشیەکانی هەریەك لەو ڕێگایانە دەکرێ جارێ باس لەوەکرێ کە گەر ئەمڕۆ بێت و ڕیفراندۆمی لەسەرانسەری عێراق بکرێ ئەوە بەدلنیایەوە بەپێی ئاکامی ئەو ڕیفراندۆمە داوا لە کوردان دەکەن ببێ بە بەشێ لە عێراق بەلام گەربێت و ئەو ڕیفراندۆمە تەنیا بە کوردستانەوە تایبەتکرێ بەبێگومان بەسوودی کورد دەگەڕێتەوە و بناغەێ سیاسیش بۆ فیدرالیەتێ تایبەت بە کوردستان دادەنێ. بەلام ئەمە لە ئێستادا و لەولاتێ وەك عێراق کە چەند ملیۆنێ سەربازی گەورە و بەعسی پایەداری و شیعەێ ستەمدیدە و توورکمانێ وابەستە بە ویستە سیاسیە شۆفێنیەکانی توورکیاوەی تێدایە ناکرێ بێتەدی . وەکی تریش بەخۆی تێگەیشتنیش لەم دوو ڕێگایە زۆر بەکلاسیکی دەمێنێتەوە کاتێ دەربڕینی بوون بە بەشێ لە عێراق و یان جیابوونەوە لەم عێراقە ڕووننەکرێتەوە. هەروەك لەمەوبەر و بەتایبەت لەسەرەوەش ئاماژەمان پێکرد بوون بە بەشێ لە عێراق واتە چوونە ناو یەکیەتیێ فیدرالی بەلام ئەم گریمانە داوای ئەوەی لە کورد دەبێ دەستبەرداری سەروەری نەتەوەی خۆی بێ و ئەمەش هەروەك ڕوونکرایەوە دەبێ گرەنتی(زەمان) سیاسی و ئابووری هەبێ بۆ ئەم مەبەستە.هەروەها کورد هەروەك باقی نەتەوە و مەزهەبەکانی تر دەبێ ئامادەبێ کار بۆ پاراستنی ئاسایش و ئایندەی سیاسی ئەو یەکیەتیە بکا لەدژ گشت پەلاماردان و هێرش و مەترسیێ دەرەکی. بەلام ئەمە مانای ئەوە نییە کە کورد یان لایەنەکانی تری ناو یەکیەتیەکە ببن بە قووربانی بۆ بەئاکامگەیاندنی مەبەستە سیاسی و ستراتیژیکانی یەکێ لە لایەنەکانی ناو ئەو ولاتە یەکگرتوەی یەکیەتیەکەی لێپێکدێ کە زۆربەی بڕیارە سیاسیەکانی بەدەستەوەیە. بۆ نموونە گەربێت و حکومەتی ئەم یەکیەتیە فیدرالیە وەك بەشێ لە ویست و حەزە سیاسی و ستراتیژیەکانی یان لەژێر کاریگەری فیتی دەرەکی و ناوچەی یان نێودەولەتی بێت و بیر لە شەڕکردن لەگەل بۆنموونە ئێران بکاتەوە ئەوکاتە ئەمە دەبێتە مایەی ئەوەی کە گشت نەتەوە و مەزهەب و تاییفە جیاجیاکانی ناو ئەو یەکیەتیە ,کە هیچ بەرژەوەندییێکیان لەگەل ئەو شەڕەدا نییە یان بەهیچ جۆرێ لەو یاریە سیاسیە ناگەن, دەبێ بێن و لە پراکتیزەکردنی ئەو بڕیارە سیاسیە بەشداربن. ئەمەش لەو ولاتە یان لەو ناوچەیە شتێ تازە نییە و ئەمە پێشتر لەلایەن دەولەتی مەرکەزی لە بەغدا کراوە و بە گەلێ شێوە پاساودانی ئاینی و ناسیۆنالی و ئابووری بۆکراوە. کاتێ کە ئەمەش کراوە گشت ولاتە پێشکەوتووەکان یارمەتی هەردوو لایان لەیەك کات داوە و زانیاری سەربازی و چەك و تەقەمەنیان پێیان فرۆشتووە و هەر یەکە لە ولاتانی ناوچەکەش بەلگەی سیاسی و مەزهەبی و ناسیۆنالیان بۆ هۆکاری هەلگیرسانی ئەم شەڕە هێناوەتەوە. چونکە ئەو دەمە لە ولاتانی عەرەبی-ئیسلامی ترسێ گەورە لە شۆڕشی شیعەکان لە ئێران هەبوو و بۆیە زۆربەی ولاتانی کەنداو و باقی ولاتانی عەرەبی بە پارە و بە زانیاری سیاسی و سەربازی یارمەتی عێراقیان دەدا.

بەواتێ تر بەلگەهێنانەوە لەسەر ترس لە مەدی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی یان ڕیفۆڕمی سیاسی ئاینی ئێرانی یاخود بە ئامانجی گەڕانەوەی هەندێ پارچە خاکی ئەوتۆ کە لەمەوبەر لەلایەن ئێرانەوە دەستی بەسەرداگیراوە یان ئەوەی کە فلانە شوێن لە ئێران پێشتر بەشێ بووە لە عێراق و یان لەبەر مەترسی گەشەنەکردنی خەباتی کوردان لە ئێران و یەکنەگرتنەوەی لەکەل ئەو بەشەی لەناو یەکیەتیە فیدرالییەکەی عێراقدایە ڕەنگە ئەمانە و گەلێ تێگەیشتنی تر بنە هۆکاری ئەو شەڕەی یەکیەتیەکە بۆنموونە لەگەل ئێران یان لەگەل ولاتێ تر بیگێڕێ و لەم حالەتەدا نەهاتنەپێشەوەی کورد کێشە لەبەردەم مانەوەی یەکیەتی ئاسایش و ستراتیژی ئەو یەکیەتیە بەجێدێلێ و ئەلبەتە بەشداریکردنیشی هەر دەبێتە مایەی کێشە و نەهامەتی بۆ ئەو ناوچانەی کوردی تیادەژی . بۆیە بوونی یەکیەتێ فیدرالی داوای سێستەم و شێوازێ لە سیاسەتکردنی دیموکراسی دەکا کە ئەمەش گەربێت و بەیارمەتی ئەمەریکیەکان و پاشان دامەزراوە نێودەولەتیەکان ,کە هەمیشە ئەو دامەزراوانە پشتگیری لە تێگەیشتنی سیاسی ئەمەریکیەکان دەکەن, بێتەکایەوە بەبێ گومان دەکرێ باس لەوەکرێ کە ئەم شێوازە لە سیاسەتکردن دەبێ بە سەرچاوەی ڕاڕای بۆ ئەو ولات و کۆمەلگایانەی ئامانج و خواستی سیاسی و ئابووریان لەگەل ئەم شێوازە لە سیاسەتکردنە ئەمەریکیە یەك نەگرێتەوە. ئەمە مانای ئەوە نییە کە بمانەوێ ئەو بۆچوونە سیاسیە دووبارەکەینەوە کە هەندێ کەس پێیان وایە ئەمەریکایەکان دەیانەوێ لەناوچەکە ئیسرائیلێ تر درووستکەن یان نامانەوێ باس لە جۆرە گریمانێ سیاسی بکەین کە دەلێ ئەو فۆڕمە سیاسیەی لە شوێنێ وەك عێراق و ئەمجار کوردستان دروستدەکرێ دواتر وەك پەتاێ سیاسی لە شوێنەکانی تریش لەناوچەکە دەشێ بلاوبێتەوە. ئێمە پێمانوایە ئەم ڕوانینە سیاسیانە سەرچاوە لە تێگەیشتنی سیاسی ڕۆژانەییانەوە هەلدەگرن کە بوونیادێ گەشبینیانیان هەیە و , گەشبینیش لە سیاسەت ڕێگایەکە بۆ خۆدزینەوە لە چارەسەر پێشنیارکردن و بەرەنگاربوونەوەی نالەباری و کەمووکوڕییەکان کە هەر بەهۆی سیاسەتەوە بەرهەمدێن.

سەرباری ئەوی لەسەرەوە ووترا دەشێ ئەوەش بەرباسخرێ کە بوونی کورد بەبەشێ لە عێراق تەنیا خواستێ سیاسی کوردی نییە و بەقەد ئەوەی کە دەبێ ئەم خواستە سیاسیە کوردیە بووبێ بە خواستێ ناوخۆی و ڕوناکبیریێ سیاسی دیاریکراو بتوانێ ئەم خواستە شیکاتەوە. کاتێ کە کەلێن و ستووریێ گەورە لەنێوان تێگەیشتنی سیاسی کوردەکان بۆ بوونیان بەبەشێ لە عێراق لە چوارچێوەی یەکیەتێ فیدرالی لەگەل باقی نەتەوە و مەزهەب و تیرکانی تری ناو ولاتی عێراق هەبێ ئەمە کێشەێ زۆر بۆ مانای تێگەیشتن لە بوون بە بەشێ لە عێراقی کوردەکان دروستدەکا, کە لەواقیعدا نەك هەر لەڕووی سیاسی و ناسیۆنالی و مەزهەبیەوە کوردەکان ئەو کێشەیەیان بۆ قووتبۆتەوە بەلکو لەڕووی ڕوناکبیری سیاسیشەوە ئەم خواستەی کوردەکان لەبەردەم کێشەدایە. چونکە لە عێراقی ئەمڕۆدا ڕوناکبیریێ سیاسی دیاریکراو لەبارەی واتای یەکیەتی فیدرالی بوونی نییە و ئەمەش نەك یەکێکە لە کێشەکانی خەلکی سادە و بێسەوادی عێراقی بەلکو ڕوناکبر و ئەکادیمیکەر و نووسەرانی عێراقیش ئەو زانین و ڕۆشنفکریەیان لەسەر واتای سیاسی فیدرالی نییە و زۆرجاریش ڕەنگە وەك بەرهەم و دیاریێ ئەمەریکی و یان بەقەولی خۆیان ئیمپریالی و سەهیۆنی تەماشاکرێ و تەنانەت وەك هەڕەشەێکیش تەماشیکەن بۆ دابەشکردنی خاکی پیرۆزی عێراق و پەرتەوازەکردنی نەتەوە و مەزهەب و تیرەکانی و کردنیان بە ئامراز بەدەست ئیستیعمار. هەروەها دۆزی سیاسی ناوچەکەش زۆرجار ڕەنگە ڕێگا بە پراکتیزەکردنی ئەو خواستە سیاسیە نەدا کە کوردەکان و دواتر ئەوانیتریش لە عێراق گەر بیانەوێ پێیگەن. بۆنموونە تێکڕای ولاتانی عەرەبی- ئیسلامی دژی ئەوەن عێراقی پاش دیکتاتۆر لە چەند هەرێمێ سیاسی و ئابووری پێکبێ یان لە یەکیەتیێ فیدرالی کە بتوانێ گشت نەتەوە و مەزهەب و تایفە جۆراوجۆرەکان بگرێتەخۆی چونکە هەموو ولاتانی عەرەبی-ئیسلامی ئەو مەرجانەیان تێدایە بۆ دابەشبوون و یان مقەوەماتی هەلوەشانەوەی حکومەی مەرکەزیان لە گەلێ لە ولاتانی جیهانی عەرەبی بۆ نموونە بەدیدەکرێ .بۆیە هەموو بەهەموو جۆرێ دژایەتی بیرۆکەی دروستبوونی دەسەلاتێ سیاسی و ئابووری لە عێراق دەکەن کە لەسەر بناغەی یەکیەتیێ فیدرالی پێکهاتبێ. لەم حالەتەدا تەنیا ئەمەریکایەکان و هاوپەیمانەکانیان لە دامەزراوە نێودەولەتیەکان دەتوانن کار بۆ سەپاندنی فۆڕمی سیاسی ئەو یەکیەتیە بکەن و هەروەها لەڕووی یاسایشەوە بەڕەوا و نێودەولەتی بکەن . ئەمەریکایەکانیش دەتوانن ئەمە بکەن لەکاتێ بەئاشکرا کار بۆئەوەدەکەن کە ڕۆلی سیاسی و سەربازی نەتەوە یەگرتووەکانUN دیاریکراوکەن و هەروەها ئەمەریکا ببێ بە جێگیری نەتەوە یەگرتووەکانUN و بەلام خودی نەتەوە یەکگرتووەکان تەنیا ببێ بە دامەزراوێ بۆ ئەنجامدانی کاری هیۆمانی(مرۆیی) و فریاگوزاری. بۆنموونە یارمەتیدانی شوێنێ کە دووچاری ئاشووب(کاتاسارۆف)ێ سرووشتی یان ڕووداوی نەهامەتی و ووشکەسالی و بوومەلەرزە بێ. بۆئەوەش پتر ئەو گریمانە ڕوونکەینەوە کە ئەم مەسەلەیە تەنیا لەتوانای ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانیانەوەیە کە پراکتیزەکرێ دەبێ ئەوە لەبیرنەکەین ئەزموونی سیاسی و ستراتیژەکانی ئەمەریکایەکان هەمیشە لەسەر بناغەی بەرژەوەندێ ئابووری و سیاسی درێژخایەن و خەونێ ستراتیژی گەورە دامەزراوە. کە ئەمەش بەبێ ڕاڕای هەمیشە دەبێ بە هەوێنی گرفت و پێکدادان لەو ناوچانەی بەرژەوەندیەکانی تیادەخولێتەوە. بەلام ئەوی تایبەتە بە مەسەلەی جیابوونەوەی کوردەکان لە عێراقی پاش داکەوتنی دیکتاتۆر پێناچێ گریمانێ سیاسی سەرکەوتوو بێ. چونکە ئەوە تەنیا پێوەندی بە خواستی

www.kurdistannet.org 10-7-2003



سیاسیەکانەوە نییە کە ناتونن ئەم خواسنە ڕپالیزە بکەن و یان ئەوەی ئەوان خۆیان وادەردەخەن کە ئەو داوا سیاسیە سەرووی توانا و تێگەیشتنی ئەوانە یان ئەوان (واتە سیاسەتمەدارانی کورد) لەبەر دلڕاگرتنی دراوسێکانی کورد ناخوازن هیچ هوشیاریەك لەناو خەلك لەم ڕووەوە گەشەبکا. واتە بیر لە جیابوونەبوونەوە لە عێراق تەنیا پێوەندی بەولایەنانەوە نییە کە لەسەرەوە ئاماژەمانپێکرد نەخێر. بەلکو پێوەندی بەوانەوە هەیە و بەهەندێ فاکتەری تریشەوە کە ناوچەی و نێودەولەتییە. بۆنموونە با هەزار ئەو داوایە (داوای جیابوونەوە لە عێراق) لەناو خەلکی کورد نەشونمای کردبێ و بووبێ بە خواستێ و تێگەیشتنێ سیاسی بەرز و سیاسی زۆریشی لەبارەوە لەنێو جەماوەری کورد لەسەر دروستببوبێ بەلام ئەوە پێویستی بەشتی تریشەوە هەیە کە لەڕیزی پێشەوە و بەبێگومان لەدەرەوەی توانای سیاسی کەس و سیاسەتمەداری کوردە. بەکورتی و بەڕوونی ڕپالیزەکردنی (بەواقیعیبوونی) ئەو داوایە یان ئەو حەزە سیاسیە کوردیە پێویستی بە پشتگیری نێودەولەتی هەیە. چونکە هەر ئەم پشتگیریە لەتوانایدایە ڕپالیتێی(واقیعیەتی) ئەو حەزە جەماوەریە کوردیە بهێنێتەدی نەك بەهاتنەسەر جادەی کوردەکان و یان بەسۆزی جەماوەری و حەسرتێ نەتەوەی. ئەمانە ئەو مانایەیان لەسەر ئاستی نێودەولەتی و لەو دامەزراوانەی یاساکان دادەڕێژن و لە فۆڕمولێرەکردنی بڕیارەکان بەپرسن, نییە. بۆنموونە کاتێ ملیۆنەها لەماوەی دوو مانگ گشت ڕۆژێ و بەتایبەت ڕۆژانی شەممە و یەك شەممە ,کە ڕۆژی پشووی ڕەسمیە لە ولاتانی ڕۆژئاوا ,هاتە سەرجادەکان و ووتی نا بۆ جەنگ بەلام لەکۆتایدا جەنگەکە هەرکرا چونکە جەنگەکە بڕیارێ سیاسی و ستراتیژێ دیاریکراو لەپشتیەوە بوو و ئەوی بیری لێنەکرابووەوە ئەوەبووە کە کار بۆ ڕاگرتنی هەست و نەستی جەماوە و سۆزی خەلك نەکرێ. لەوە سەیرتر ئەوەیە کە جیابوونەوە لە ئێستادا داوایێ نێودەولەتی لەسەر نییە. لێرەدا مەبەستیشمان لە نێودەولەتی خودی توانا و شوێنی ئاستی ئابووری زانیاری و سیاسی ئەمەریکایە و ئەمجار ئەو ولاتانەی لە دامەزراوە نێودەولەتیەکان وەك یەکیەتی ئەوروپای , نەتەوەیەگرتووەکان و حیلفی باکووری ئەتلەسی(NATO,UN,EU ) پشتگیری لە خواست و ستراتیژەکانی ئەمەریکایەکان دەکەن.

جالەم حالەتەدا گەربێت و چوونەناو یەکیەتی فیدرالی بکرێ بە گریمانێ سیاسی چەسپاو و کاری زیندوو و ڕاستەوخۆ و کۆنکرێتی بۆبکرێ هەروەها بۆپتر ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنەو ئاستی ستراتیژی و ڕوناکبیری سیاسی سیاسەتمەدارانی کورد لەم بارەیەوە دەکرێ باس لە گەلێ هۆی سەرەکی و لاوەکی کرێ کە مانای خۆیان لەمحالەتەدا بۆ مەسەلەی مانەوە لەچوارچێوەی خاکی عێراق و لەژێر ناوی یەکیەتی فیدرالی هەیە. بۆنموونە گەر چاوێ بە لێدوانە ڕادیۆی و تەلەفزیۆنی و ڕۆژنامەییەکانی سیاسەتمەدارانی هەردوو پارتە گەورەکە و پاشان بە ماسمێدیای کوردی بەتایبەت ڕۆژنامە گەورەکانی ئەو دوو حیزبە گەورەیە ,لەماوەی بەهاری 1991 تا کاتی داکەوتنی پەیکەرەکەی دیکتاتۆر لە 2003/04/19 , بخشێێنین دەبینین ئەو تێگەیشتنە سیاسییە بە چەند قۆناغێ تێپەڕیووە. ماوەی سەرەتای 1991 تا کاتی شەڕی ناوخۆ سیاسەتێ دیاریکراو و گونجاو لەبارەی یەکیەتی فیدرالی وەك داوایێ سیاسی بوونی نەبووە. چونکە خەلکی کوردستان ئەودەمە جارێ لەژێر خورپەی ئازادی و ئەو هەژاری و نەهامەتیەی لەوماوەیەدا ڕپووی لێنابوو ژیانی بەسەردەبرد ,بەتایبەت ئەوکات نە دامەزراوە نێودەولەتیەکان لە کوردستان دەستبەکاربوون و نەش بڕیاری 986 داڕێژرابوو, ئەمەو جگەلەو هۆیەی لەسەرەوە باسمانکرد کە نە سیاسیانی کورد بەخۆیان ئەو تێگەیشتنەیان لەناو خۆیان و لای خۆیان لەسەر ئەم مەسەلەیە گەلالەکردبوو نەش جەماوەری کوردستان لەبەر زەبری سەختی ژیانی ڕۆژانەیان بەوەڕادەگەیشتن کە تێگەیشتنێ لەبارەی ئەم مەسەلەیە کۆکەنەوە بۆیە باسی یەکیەتی فیدرالی ڕەنگە تەنیا تاك و تەرا لێرە و لەوێ وەك ئەندێشەیەکی پەرت بوونی هەبووبێ و بەس. لەماوەی شەڕی ناوخۆش تاکاتی کارەساتەکەی تەمووزی 1996 دەکرێ بووترێ کە لەم قۆناغەدا نەك ئەم داوایە سست بووە بەلکو ئەم قۆناغە خەریك بوو ببێ بە دەروازەێ بۆ ناشتی نەستی سیاسی نەتەوەی کوردیش.بەلام قۆناغی پاش شەڕی ناوخۆ نەختێ جوداوازتربووە.لەلایێ دامەزراوێ نێودەولەتی زۆر ڕوو لەکوردستان دەکەن و دواتر بڕیاری 986 دادەڕێژرێ و دواتریش تا ئەندازەێ هەستی شەڕکردنی دوو پارتە گەورەکە لەتەك یەك کزدەبێ و خەلکی کوردستانیش پتر تێگەیشتن لەسەر دۆزی سیاسی و کۆمەلایەتی خۆیان پەیدادەکەن و جۆرە بووژانەوەێ ئابووری لەئاکامی کارکردنی دامەزراوە نێودەولەتی و خێرخوازەکان و سیحری بڕیاری 986 ڕوودەدا بۆیە دەکرێ بووترێ کە لەم قۆناغەدا تێگەیشتنی سیاسی جەماوەری کوردستان پتر لە ویستە سیاسیەکانی خۆیەوە نزدیك دەبێ و ئەوانەی لەدەرەوەی دەسەلاتی سیاسی کوردی توانیان مەعیشەتی خۆیان جێبەجێکەن زۆرتر لەوەگەیشتن کە مەسەلەی جیابوونەوە لە عێراق و دروستکردنی دەولەتی کوردی خواستێ نەتەوەی و پێویستە. بەلام هەرلەم کاتەدا سیاسەتمەدارانی دوو پارتە گەورەکە پتر خەریکی وتاربێژتنێ پچڕپچڕ و ناکۆك و جارێ جدی و جارێ لاوەکی و ناجدی بوون. بەدلنیایشەوە گەر بچینەوە سەر لێدوانەکانیان یان وتارەکانیان دەبینین ناکۆکی و جۆراوجۆریێ زۆر لەنێوان ئەوی لەناوەوەی کوردستان و ئەوی لەدەرەوەی کوردستان سازدراوە هەبووە. تاڕادەێ ئەوی لە دەرەوەی کوردستانیش سازکراوە لەڕووی ڕێزمانی سیاسی و ناوەڕۆکی فکرییەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێتر جیاوازی هەبووە .واتە هەمیشە جیاوازیەك لەنێو ئەوی لە ولاتانی دراوسێ کورد ووتراوە لەچاو ولاتانی ڕۆژئاوا هەبووە. هەر لێرەدا و تایبەت بەجۆراوجۆری قۆناغەکانی

www.kurdistannet.org   10-7-2003



بیرکردنەوە لە دیاردەی فیدرالی دەکرێ باس لە قۆناغێ تر کرێ کە ئەوەش لەماوەی دوای پێداگرتنی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانییەتی لەسەر بڕیاری جەنگ لەتەك عێراق و بیرکردنەوە لە لابردنی ڕژێمەکەی بەغدا بە ڕێگای جەنگ دەستپێدەکا.لێرەوە پتر تێگەیشتنێ سیاسی لەناو خەلك دروستدەبێ لەسەر فیدرالیەت و دەسەلاتی سیاسی کوردیش بەپێی ئەو گفتانەی لەلایەن لیژنەی جەنگەوە پێیدەدرێ تێگەیشتنی لەسەر فیدرالیەت  بەبەراوورد بە ڕابردوو پتر بەرجەستە دەبێ بەلام تێگەیشتنەکە دیسانەوە بێبەرینییە لە ڕاڕای و جارجارە پاشگەزبوونەوە و هەموو ئەوانەش پێوەندیێ قوولییان بە بیری سیاسی کوردییەوە هەیە کە بیرۆکەی کوردایەتی تێیدا وەك بیرێ کۆنکرێت و بەرجەستە خۆی دانەڕشتووە و ئەمەش کارێوادەکا ئەم بیرە لە خستەڕووی ویست و داواکانی ڕاستەوخۆ و دیاریکراو نەبێ.
کاتێ لەحالەتی وەك ئەوڕۆدا دەبینین سیاسیانی کورد پڕۆژەێ دیاریکراو ناخەنەڕوو ئەمە لەبەرئەوە نییە کە ئەوان ئاستی هوشیاری سیاسیان گەیووەتە ئەو ڕادەیەی پێشبینی مەهابادێ تر دەکەن نەخێر بەلکو لەبەرئەوەیە ئەوان هەمیشە لەتەك ئەو پێشنیار و خواستانە ڕێدەکەن کە لەچوارچێوەی بەرژەوەندی ناوچەکە بۆیاندادەڕێژرێ. کاتێ کە هاوسێکانی کوردستانی باشووریش (سووریا, ئێران و توورکیا) لەو پشتگیریەی ڕۆژئاوا یان چاترە بلێین لیژنەی جەنگ بۆ کوردەکانی باشوور ناگەن و هەروەها زۆر دلنیا نین لەناوەڕۆکی ئەو یەکترنزدیکبوونەوەی نێوان کوردەکانی باشوور و ئەمەریکایەکان ئەمە کارێوادەکا هەلوێستێ دژانە و دووبەرەکایەتیان هەبێ و ئەمەش ڕەنگدانەوەی خۆی بەسەر ڕەفتاریان لەتەك سیەسەتمەدارانی کورد دەبێ .بەلام باجی هەموو ئەوانە ئەو کەسە دەیدا کە پێیدەوترێ هاولاتی کورد.
کەس کورد و دەسەلاتی سیاسی کورد نابێ هەرگیز ئەوە لەبیرکا کە کاتێ باس دێتە سەر گریمانی سیاسی پێکهێنانی یەکیەتێ فیدرالی لە عێراق گرنگی بەوەش دەدرێ کە ئەم گریمانە ئەگەر بەرهەمی ئەو گۆڕانکاریانە بێ کە لە عێراق لە پاش داکەوتنی دیکتاتۆر هاتۆتەکایەوە زۆر پێیدەچێ مۆدێلی ئەم گۆڕانکاریانە شوێنی تریش لەناوچەکە بگرێتەوە. گەر ئەم تەماشاکردنە لە ڕاستیەوە نزدیکبێ دەبێ ئەوەش بەرباسخرێ کە جارێ ڕوون نییە لەگەل وەگەڕ کەوتنی سێستەمێ سیاسی فرە لە عێراق چارەنووسی سیاسی لەم ولاتە بەرەوکوێ دەچێ و تا چ ئەندازەێ سەرەتا ئەم سێستەمە سیاسیە دێتەدی و پاشان بەردەوامی ئەم ئەزموونە دەبێتە هۆکاری بەرهەمهێنانی چ جۆرە گۆڕانێ سیاسی کە ئەمەش ببێتە هۆی گۆڕان خستنە ژیانی هاولاتی عێراقیەوە. لەبەرئەوەی پاشەکشەی ئەم ئەزموونە لە عێراق تەنیا زیان لەو شوێنانەش نادا کە پێشبینی ئەوەی لێدەکرێ ئەم سێستەم سیاسیە لە ئامێزبگرێ بەلکو پێش هەموو شتێ دەبێ بە سەرەتاێ بۆ فەشەلهێنانی ئەزموونی سیاسی لەم شێوەیە و پەسەندنەکرنی لەو شوێنانەی لەڕووی شارستانیەوە زۆر لە کولتووری سیاسی فیدرالی هاوچەرخەوە دوورن کە لەناوەڕۆکدا ئەم جۆرە کولتوورە سیاسیە ماهیەتێ ئابووری پۆست کاپیتالیستی (پاش سەرمایەداری) هەیە و لەگەل بارودۆخی بازاڕ و کولتوور و ترادیسیۆنی ئەم گەلانەی وەك عێراق و گەلانی هاوشێوەی تری وەك عێراق لە جیهانی عەرەبی-ئیسلامی ناگونجێ. پاشان نابێ ئەو لایەنەش فەرامۆشکرێ کە زۆرترین پرسیاری تیا سەوزدەبێ ئەوەش کە بریتیە لە تێڕامان لە چۆنیەتی بارودۆخی بلاوبوونەوەی ئەم جۆرە مۆدێلانە. گەر لە شوێنێ وەك عێراق جەنگ بووە هۆی داڕمانی ڕژێمی بەعس و هەیبەتی سیاسی عێراقی کە ئەمەش بواری ڕەخسان لەبەردەم بیرکردنەوە لە سێستەمێ سیاسی فیدرالی فرە بۆ عێراق بۆیە دەکرێ لەمحالەتەدا بپرسین دەبێ چۆن ئەم سێسنەمە بگاتە شوێنانێ تر ئایا بەڕێگای جەنگ یان کاری سیاسی یاخود کودەتای سەربازی یا خودی سێستەمەکە ووردە وودردە دەبێ بە ویستێ سیاسی لەو شوێنانە و بناغەێ جەماوەری بۆ خۆی دروستدەکا؟.بەدلنیایەوە ئەو جۆرە گۆڕانەی لە عێراق ڕەخسێنرا هێرشی سەربازیی هاوپەیمانان و کارە سیاسی و ئیستیخباراتیەکانی ئەو هێزە پێکیهێنا نەك شتێتر و ئەمەش ڕۆلێ زۆری لە داڕشتنی ئەو فۆڕمەی دەبێ کە وەك شتێ سەرەتای بناغەی بۆدانراوە. بەلام لەئێستادا ئەمەریکایەکان ئەو پڕۆژەیەیان بۆ شوێنی تر بەدەستەوە نییە و دواتر دەیانەوێ بەجۆرێ دیپلۆماسی کار بۆ هێنانەدی ویستە سیاسی و ستراتیژیەکانیان بکەن و ڕووخسارەکانی ئەو پڕۆژەیەش جارێ ئاوا زوو دەرناکەوێ.
دواتر ئەمەریکایەکان لە ولاتانی جیهانی عەرەبی-ئیسلامی ناحەزیێ زۆریان ڕۆژانە دووچاردەبێ و چارەسەر نەکردنی کێشەی فەلەستینیەکانیش خودی پڕۆژە سیاسیەکانی ئەمەریکایەکان لەدیدی عەرەب و موسلمانەکان بەدرۆدەخاتەوە و هەچ هەولێکیش ئەمەریکایەکان بۆ سازدانی گۆڕانکاری لەهەچ شوێنێ بیانەوێ بیدەن بەدلنیاییەوە لەلایەن عەرەب و موسلمانانی ناوچەکەوە گومانی لێدەکرێ. بەلام ئەمەریکایەکان بۆ نرخاندنی کارە سیاسیەکانیان هەولێ زۆر دەدەن فۆڕمێ سیاسی لە ولاتێ وەك عێراق داڕێژن کە ببێ بە مایەی تۆقاندنی سیاسی ولاتەکانی دەوروبەری عێراق و ئەلبەتە ولاتانی کەنداویش, بۆ نموونە عەرەبستانی سعودی کە وەك ولات شوێنێ ئامادەیە بۆئەم مەبەستە و زەمینەێ باشی بۆ هەلوەشانەوە تێدایە, بەدیدەکرێ. خودی ئەو دابەشبوونانەش زۆر لەتەك پرۆسێسی ئابووری دیاردەی جیهانگیری ئابووری و سیاسی ڕێدەکا و دەبێ بە مۆلگەێکیش کە کۆمەلگەهایەکی ئەوتۆ دروستکرێ کە  فۆڕمێ بێ لەڕووی سیاسیەوە لە دەولەتی پۆست ناسیۆنال. بەلام ئەم لایەنە زۆر بە ڕەوتی ئابووری و ئاستی تێگەیشتنی خەلکەوە بەستراوەتەوە کە تا چ ئەندازەێ توانای هەرسکردنی ئەم جۆرە فۆڕمە سیاسیانەیان هەیە. لە بڕگەکانی سەرەوەش ئەوەمان ڕوونکردەوە کە سەرکەوتنی ئەم جۆرە فۆڕمە سیاسیانە

یاخود بەگشتی مۆدێلی سیاسی یەکیەتی فیدرالی پێویستی بە ئابووریێ دەولەمەند و دامەزراو لەسەر بناغەکانی پێشڕکێی سەرمایەداری و پرنسیپەکانی بازاڕە بۆنموونە وەك مۆدێلی سیاسی و ئابووری ولاتانی فیدرالی وەك کەنەدی و سویسری و ئەمەریکی.

هەر تایبەت بە تێمای بوونی ئاگای سیاسی لەسەر فیدرالیەت لە کوردستان دەبێ ئەوەش لەبەرچاوبگیرێ کە کەمتر لە ئێستادا دەرك بەوەدەکرێ کە ئەوانی ناوەوە هەلگری جۆرە ڕوناکبیرێ هاوچەرخ بن لەسەر چۆنیەتی پێشنیارکردن و دواتر وەکارخستن و پەرەدان بە پڕۆژەی فیدرالی. لەلایەك ئەوان لەژێر فشاری تێگەیشتنی سیاسی باوی دەسەلاتی سیاسی کوردین و ئەم دەسەلاتەش وەك ناسراوە ناتوانێ زۆر کراوە و کۆنکرێت بیرکاتەوە و هەروەها کارێ واکا کە داوا و ویستەکانی کەس و هاولاتی کورد وەك خۆی بەرزکاتەوە. ئەمەش تەنیا پێوەندی بە نەبوونی ئەزموون لە بەرزکردنەوەی داوا و ویستی سیاسییەوە نییە کە دەسەلاتی سیاسی کوردی تیایا بێتوانایە وەك ئەوەی هەندێ لایەنی ئەم دیاردەیە لایسەرەوە ئاماژەی بۆکرا بەلکو پێوەندی بەوەشەوە هەیە کە دەسەلاتی سیاسی کوردی زۆرجار بریتییە لە دوو دەنگ کە ئەوەش دەنگی هەردوو ڕابەری پارتە سیاسیە گەورەکەیە کە مۆنۆپۆلی دەنگی سیاسی کوردی کردووە. ئەمەو ئەم لایەنە پێوەندی بەدوو خالی سەرەکی تریشەوە هەیە کە یەکەمیان بریتیە لە ڕاڕاییەکانی ئەو دوو دەنگە سیاسیەی کە دەنگی دوو پارتەگەورەکەی کوردستانن کە جارێ بەتەواوەتی هاوتای و یەکانگیری سیاسی خۆیان نیشاننەداوە و ئەوەشیان ڕوون نەکردۆتەوە کە ئەم دوو پارتە گەورەیە چی لە ئاگایی سیاسیان دەخولێتەوە و چۆن ژیانی ئابووری خەلك دابیندەکەن پاش کشانەوەی دامەزراوە نێودەولەتی و خێرخوازیەکان لە کوردستان و پاش پێکهاتنی سێستەمێ سیاسی لە عێراق کە لەگەل ویست و شیاویەکانی کەسی و تاکی کوردەوە نەگونجێ. ئەمەش لەبەرئەوەی ,هەروەك بۆ گەلێکمان ئاشکرایە , بڕیار و داوا سیاسیەکانی ئەم دوو پارتە لەڕووی مێژوویەوە زۆر بێ جەمسەر و ناڕاستەخۆبووە و هەمیشەش ویستەکانیان لەتەك حەز و ڕاڕاییەکانیان ژیاوە و ئەوەندەش بەرامبەر بەوی تری غەیرە کورد کراوە و سادە بوونە ئەوەندە لەتەك یەك ئەوە نەبوونە. پاشان ئەو ئاشتییە سارد و پڕاگماتیەی نێوان ئەم دوو پارتە زیانی لە خەباتی کەسی کورد داوە هەر هێندەش دۆزی سیاسی ناوچەکە زیانی لێداوە.لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە کە ئەم دوو پارتە سیاسییە هەمیشە بێتوانای خۆی نیشانداوە لە دانەڕشتنی بڕیار و ویستی سیاسی لەکاتی و شوێنی خۆیدا وهەروەها بەدرێژی مێژووی خەباتیشی ناشیاو بووە لە ڕەتکردنەوەی ئەوبێحورمەتیانەی بە کەسی کورد کراوە. لەوە سەیرتر دەنگی سیاسی کوردی کە هەمیشە دەنگێ حیزبی بووە هەرەمێ خێزانی بوونیادی پێکهێناوە کە ئەمەش وایلێکردووە لەبەرژەوەندی نەبێ لەکاتی خۆی شتەکان ئەنجامدا و دواتر بەجۆرێ کۆنکرێت و ڕاستەوخۆ ویستەکانی نخاتەڕوو. بەلام ئەوی پێوەندی بەخالی دووەمەوە هەیە ئەوەیە کە دۆزی سیاسی ئالۆزی کورد, واتە جیۆپۆلیتیکی کوردی , بووە بە مەهانە بەدەست ڕابەرانی سیاسی کورد و لەپێش هەمووشیانەوە دوو پارتە گەورەکە کە ئەم لایەنە هەمیشە بەجۆرێ زۆر پڕاکماتی و بۆ بەرژەوەندی سیاسی خۆیان بەکاربەرن کە ئەو بەرژەوەندیەش پتر بەرژەوەندیێ حیزبییە وەك لە شتێ تر. بەخۆی ئەو پێوەندیانە کە هەمیشە لەناوەڕۆکدا دوانەیی بوونە دژ بەیەکیش بوونە. چونکە دوو پارتە گەورەکەی کوردستان پێوەندیەکانیان لەتەك ولاتانی دەوروبەری دەسەلاتی سیاسی خۆیان دوور لە ستراتیژێ سیاسی هاوبەش و تێگەیشتنێ نەتەوەیی داڕشتووە و بەوجۆرەش پیادەدەکرێ کە مانەوەی هەریەك لەو پارتە سیاسیە لە ناوچەکە دەپارێزێ. زۆرجاریش ئەو ڕەفتارە دوانەییەی ئەم دوو پارتە وەك زۆرزانیێ تەماشادەکرێ کە بەخۆی لە یاریێ سیاسی زێتر شتێ ئەوتۆ نییە.

هەر سەبارەت بە پارتە سیاسیەکان و چۆنیەتی هاتنەپێشەوەیان بۆ باس خستنەگۆڕێ لەسەر چوارچێوەی سیاسی یەکیەتی فیدرالی و بەرزکردنەوەی بڕیار و ویستە سیاسیەکانیان دەکرێ باس لەو خالەشکرێ کە دیاردەی چوونە ناو یەکیەتی فیدرالی بۆ کوردەکان لەباری ولاتێ وەك عێراق ئەوە داوا دەکا لە دوو پارتە سیاسیە گەورەکە کە لە ڕاوێژی ئەو تیۆرزەکەرە سیاسی و ئەکادیمیکەرە کوردە دلسۆزانەی لە هەندەران دەژین خۆیان بەدوورنەگرن کە لەم بارەیەوە ئەوانە دەتوانن لە گەلێ مەرج و خالی سەرەکی و فۆڕمی یاسایی ئەزموونی سیاسی دیاردەی یەکیەتی فیدرالی سیاسیانی کورد بەئاگابهێن. چونکە ئەمە وەك مەسەلەی قسەکردن لەسەر مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە و جیهانگیریی نییە کە بەبۆنەی کڕینی هەنێ سەرچاوە و یان بەهۆی گوێ هەلخستن بۆ هەندێ کەنالی تەلەفزیۆنی بکرێ زانیاری لەبارەوە پەیداکرێ. مەسەلەی داڕشتنی یەکیەتێ فیدرالی پێوبستی بە جۆرە ئەندازیاریێ سیاسی هەیە کە لەسەر بناغەی دامەزراندنی نەخشە و ئامادەکردنی ماتریال بۆ کاری ئەم ئەندازیاریە دروستدەبێ و کە لەپێش هەموویانەوە بریتیە لە دانانی پەیمان و بەلێن و ڕێکەوتن. ئەمەش تەنیا کاتێ سەرکەوتن بەدەستدێنێ کە لەسەر ئاستێ جیهانی خودی پڕۆژەی یەکیەتی فیدرالیەکە پەسەندکرابێ و کارێ یاسای زۆری بۆ ئەنجامدرابێ. بەلام پێش هاتنە پێشەوەی دەسەلاتی سیاسی کوردی بۆ خستەبەردەمی داوا و هیوا سیاسیەکانی دەبێ بەخۆی بەجۆرە یەکیەتیەکی ناوەوەی , نەتەوەیی, گەیشتووبێ کە بکارێ بەهۆی ئەم یەکیەتیە سیاسیە ناوخۆیەوە دواتر ڕەوایەتی لەلایەن ئەوانی ترەوە بە داواکانی بدا و سەرنجی بەشەکانی تری ناو یەکیەتیەکە بۆ ویست و خواستەکانی ڕاکێشێ کە ئەمەش لەڕووی سیاسیەوە بۆ کەس کورد و ئایندەی ناسنامەی کوردی بێڕادە بەکەلك دەبێ و لەزەینی سیاسی

مرۆڤی هاوچەرخی کوردیش دا بەمانای یەکگرتنی هێزە سیاسیەکانی کورد و بەپلەی یەکەم دوو پارتە سیاسیە گەورەکە دێ. چونکە دوو پارتە سیاسیە گەورەکەی کوردستان گەر بە جۆرە یەکیەتێ سیاسی و ستراتیژێ نەتەوەی یەگرتووە نەیێنە پێشێ ناتوانن ڕەوایەتی بەداواکانیا بدەن و بەدلنیایشەوە ئەو هەلە(فورسەتە )شیان هەروەك ئێستا بۆ نارەخسێنرێ کە هەریەکەیان وەزارەتی خۆی هەبێ و ئابووری بەجۆرێ لە جۆرەکان لەناوچەکەی خۆی بۆ ئیدارە سیاسیەکەی و دانیشتوانی ئەو ناوچەیە دابینبکا تا بەردەوامی بەمانەوەی سیاسی خۆی بدا. لەبەرئەوەی دوای ئەو گۆڕانەی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لە عێراق بەهۆی جەنگەوە دروستیانکرد ئەوە جۆرە عەبەسیەتێ (هیچگەرایێ) سیاسیە کە دوو پارتە سیاسیە گەورەکە پێیان وابێ هەرئاوا وەك خۆیان دەکرێ بمێننەوە و هەریەك ئالا و مێدیای تایبەت بەخۆی هەبێ و لەپالیشەوە باس لە یۆتۆپیای سیاسی گەورە گەورە بکەن و پێیانوابێ کە جەماوەر هەموو ژیانی ئامادەدەبێ گوێ بۆ ئەو عەبەسیەتە سیاسیەیان هەلخا. لەبەرئەوەی دوای داڕشتنی چوارچێوەی سیاسی حکومەتی عێراقی کوردەکان دەبێ بیر لە دەسەلات لە بەغدا بکەنەوە نەك هەر بەوەوە سەرقالبن کە لە شارباژێر و دەشتی هەولێر شوێنی خۆیان جێگیر و بەرینکەن و یان چەك و تەقەمەنی بۆ ڕۆژی ڕەش کۆکەنەوە. گەر ئەندێشەی سیاسی دەسەلاتی سیاسی کوردی لەوەبریتیبێ کە ناوچەکەی خۆی و تاقمەکەی خۆی و بنەمالە سیاسیەکانی خۆی بەخێوکا ئەوە بەوە بڕیاری گەڕانەوەی بەرەو شاخ داوە بەلام ئەمجارەیان بە چەند کەسێکەوە نەك لەگەل یەك یان دوو ملیۆن. چونکە لەلایێ سیاسەتی جیهانگیری ڕێگا بەو جۆرە ژیانە سیاسیە پارتیزانیانە نادا و لەلایتر ژیانی سیاسی کەسی کورد لەگەل گۆڕانەکان ڕێدەکا و ناشێ بگەڕێندرێتەوە بۆ سەرگەلوو و حاجیهۆمەران. پاشان گەربێت و دەسەلاتی سیاسی کوردی بەخۆی دەرهەق بەخۆی هەلەبکا ئەوە ئەمجارەیان پالپشتی نێودەولەتی نابێ و نەتەوە یەككگرتووەکانیش بڕیارێ تری لەشێوەی 986 ی بۆ دانارێژێ تا هەریەکە لەژێر سایەی ئەو بڕیارە سەرمایەی حیزبی خۆی زیادکا و ئیدارەی سیاسی خۆی جێگیرکا. مەبەستم ئەوە نییە کە ستایشی سیاسەتی جیهانگیری بکەم نەخێر بەڤەدا ئەوەی دەمەوێ ئەو سەختی و یاریانە یادخەمەوە کە سیاسەتی جیهانگیری لەگەل خۆی بەدیاری بۆیهێناوین. گەر تەماشایەکی چۆنیەتی داکەوتنی ڕێژمی دیکتاتۆر بکەین بۆماندەردەکەوێ کە شەمەندەفەری سیاسی جیهانگیری داوا لە سیاسیانی کورد ناکا یەکانگیر و هاوتابن بەلکو ئەبێ ئەمان داوای ئەوە لە سیاسەتی جیهانگیری بکەن کە ئیدی پەراوێزیان نەکا و بۆ ئامانج و مەبەستەکانی خۆی بەکاریان نەبا و وەك یاریەکی سیاسی لە ناوچەکە تەماشایان نەکا و یان نەیانکا بە ئۆپۆزیسیۆن و هەرجارەی دژ بە ولاتێ بەکاریانبەرێ. ئەوە کاری سیاسەتی کوردی هاوچەرخە لە داڕشتنی داوا و ویستەکانی لێزانبێ و ئەمجار لە شێوازی کارکردنی بۆ چۆنیەتی بەنێودەولەتیکردنی ئەو داوا و ویستانە بەئاگابێ نەك ئەوەی هەنێ شادبینی سیاسی بۆیدەچن کە ویستی ئەمجارەی دامەزراوە نێودەولەتیەکان ئەوەیە کە دەستبەرداری کێشەی کورد نەبن و بەجدی نیازیان وایە شتێ بۆ باشووری کوردستان بکەن.چونکە گەلێ یۆتۆپیستی(خەیالبازی) سیاسی کوردی لە تاراوگە و لەدەرەوەی کوردستان بۆئەوەدەچن کە ئەمەریکایەکان دەیانەوێ کورد لەناوچەکە بکەن بە تەواوکەرێکی خۆیان و یان کار بۆئەوەدەکەن خەنجەر لە خاکی ناوچەکە بدەن و ئیسرائیلێ تر لەناوچەکە دروستکەن. ئەوەی کورد بکرێ بە جێگیری یان هاوشانی جوو یان کوردستان ببێ بە ئیسرائیلێ تر پێموابێ ئەمە تازەترین خورافیاتی سیاسی کوردییە کە سیاسی و مرۆی کورد لەسەردەمی جیهانگیری زانیاری پێیگەیشتووە. بەلام موخابن سیاسەتی پۆست مۆدێرن ڕێگا بە ڕیالیزەکردنی ئەم جۆرە خورافیاتانە نادا.چونکە نابێ خۆمان لەوە گێلکەین کە ئەو بایەخە زۆرەی لەماوەی 1991–2003 بەکورد درا بەرهەمی ئەو پێداویستی و ستراتیژە سیاسیە بوو کە سیاسەتی جیانگیری پێویستی پێبوو.ئەمە کۆتای دێ لەگەل دیاریکردنی چوارچێوەی سیاسی ولاتی عێراق. ئەو چوارچێوەیەش کاتێ کە بەرژەوەندی ئەمەریکایەکان دیاریدەکرێ زۆر شەفافتر دەبێ لەڕووی سیاسیەوە وەك لەو چوارچێوەیەی کە ئەگەر بێتو هەلێ بێتە پێشەوە لەلایەن هەندێ لایەنی ئیتنی و مەزهەبی سیاسی عێراقیەوە بۆدروستکردنی ناسنامەی سیاسی یان چوارچێوەی بۆ حکومەتی غێراقی. بەلام ئەو شەفافیەتەی ئەمەریکایەکان زۆرتر پێوەندی بە سیاسەتی پۆست مۆدێرنەوە هەیە کە ڕێگا لەبەردەم گرووپ و تاقم و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان دەکاتەوە بۆ کارکردنی سیاسی. ناشێ نکولی لەوەشکرێ کە سیاسەتی پۆست مۆدێرن پێویستی بە زەمینەی ئابووری سەرمایەداری گەشەکردوو هەیە کە گشت بەها مرۆیی و ڕەوشتیەکان دەکا بە چەند هێمای ماتریالی و پرنسیپی بازاڕ سەرووی گشت شتێ دەبێ. بەلام ئێمە هیچ ئەوە بەدوورناگرین گەربێتوو ئەمەریکایەکان جلەوی ڕووداوەکانیان لەدەستدەرچێ و لەو بەینەدا و لەئاکامی فیتی دەرەکی و حەماسی جەماوەری و تەنانەت پاشماوەی سیاسی بەعسی و ناسیۆنالیستە شۆفێنیەکان ,کە ئێستا یان ماوەیێ تر لە فۆرمی مەزهەبی(ئیسلامی) دردەکەون, شتێ کتووپڕی سیاسی بکرێ ئەوە بەدلنیاییەوە ئەمەریکیەکان سیاسەتێ تر دەگرنەبەر و لەگشت ئەوانەی بەرنامەیان بۆداناوە پەشیمان دەبنەوە و زۆر ئاساییە کار بۆ هێنانە سەر حوکمی دەستەبژێرێ سیاسی سەربازیبکەن. ئەمە ئەو چارەسەرە دوورەیە کە ئەمەریکایەکان ڕەنگە لەدواینباردا ئیشی بۆبکەن ئەمەش بۆ ئەوەی لەکۆتایدا ویستی سیاسی خۆیان بسەپێنن و دەستبەرداری ئەو قووربانیانەش نەبن کە بۆ ڕزگارکردنی عێراق کاریان بۆکردووە.بائەوەشمان لەبیرنەچێ کە ئەوی لەماوەی جەنگەکە , جەنگی ڕزگارکردنی عێراق, ڕوویدا بێ بەری نەبوو لە ڕیزێ کاری

ئیستیخباراتی سەربازی بالا کە لەتوانای ئێمەی کورد نییە ئاماژەی پێبکەین و گومانیلێبکەین. ئەو دۆکومێنتانەی کە دواتر هەر ڕۆژئاواییەکان ,ئەلبەتە هێزە دژەکانی ناو ڕۆژئاوا, بەردەستمانی دەخەن لەهەر شوێنێکبین ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە چەند ئالۆزە یاریە سیاسیەکانی سەردەمی جیهانگیری.

(1) ئەم باسە کە لە هەفتەی یەکەمی ڕووخانی پەیکەرەکەی دیکتاتۆر نووسراوە بلاوکردنەوەی دواکەوت لەبەر ئەوەی کە هەفتەنامەی هاولاتی بەبێ ڕوونکردنەوە بلاوکردنەوەی باسەکەی فەرامۆشکرد و زۆر بێباکانە خۆی لە بلاوکردنەوەی دزیووە.

(2) لەباسێ تایبەت کارمان بۆ ڕوونکردنەوەی ڕۆلی پارتی بەعس لە شێواندنی پەروەردەی سیاسی لە عێراق و ناوچەکە کردووە کە دواتر بەردەست خوێنەران دەخرێ.

(3) لەدووتۆیی کتێبێ ,کە ئامادەبە بۆ چاپ, لەشێوەی دەروازەێ بۆ مانوێل کاستێلس نووسراوە ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە چۆن پاشکەوتنی یەکیەتی سۆڤیەتی جاران لە تەکنەلۆژیای زانیاری بووە هۆی داڕمانی ئەم یەکیەتیە و داکەوتنی وتارە سیاسیەکەشی.